# راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٤

# "کۆنگرەی گەشەکردن و بە جەماوەریترکردنی خەبات"

## سەرەتا

**هاورێیانی بەڕێز!**

**خۆشكو برایانی خۆشەویست!**

لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبە تێکۆشەرەکەمانەوە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ساڵۆنی کۆنگرەی چواردەی حیزب، کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات.

لە کۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا زیاتر لە چوار ساڵ تێدەپەڕێ. لەو چوار ساڵەدا زۆر ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە رادەی نێونەتەوەییو نێوخۆییدا روویان داوە کە، باسکردنو لێکدانەوەی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە دەرفەتو دەرەتانی زۆری دەوێ، بۆیە ئێمە تێکۆشاوین ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە شێوەیەك پێوەندییان بە چارەنووسی گەلانی ستەملێکراوی ناوچە، دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیو بەتایبەت مافی نەتەوەی کوردەوە هەبێ، لێکیان بدەینەوەو، بە پێی ئەو لێکدانەوەیە، سیاسەتو ئەرکەکانی خۆمان بۆ ماوەی دوای کۆنگرەی چواردە، کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات، دیاری بکەین.

بێگومان لێکدانەوەی زانستییانەی ئەم رووداوانەو قامکدانان لەسەر خاڵە هەستیارەکان، یارمەتیدەرێکی باشمان دەبن لە دۆزینەوەی هۆو ئاکامی ئاڵوگۆڕو رووداوەکانو بەرچاوڕوونییەکی باش دەبن بۆ نیشاندانی راستەڕێی ساڵانی داهاتووی تێکۆشانو خەباتی حیزبەکەمان.

بۆیە پێویستە ئێوە هاورێیانی خۆشەویست، بە بەشداریکردنی چالاکانەو بەرپرسانە لە باسەکانی راپۆرتی کومیتەی ناوەندیدا، کەموکووڕیو هەڵەکانی راپۆرتەکە راست بکەنەوە بۆ ئەوەی بە دەنگو بۆچوونی هەموان، داهاتووی تێکۆشانی حیزبەکەمان دەستنیشان بکەین.

ئەو باسانەی کە لەم راپۆرتەدا پێشکەش دەکرێن، چەند تەوەری سەرەکیی وەك: ١ـ رەوشی نێونەتەوەیی ٢ـ رەوشی رۆژهەلاتی نێوەڕاست ٣ـ رەوشی کورد ٤ـ رەوشی ئێران لە خۆ دەگرنو ئەو پرسە گرنگانەی کە پێوەندییان بە چارەنووسی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێرانەوە هەیە، دەیانهێنینە ئاراوەو لێکدانەوەمان لەسەریان دەبێ.

## ١ـ ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەیییەکان

دوای داڕووخانی بلووکی سوسیالیستی، جیهان لەگەڵ سیستمێکی نوێ بەرەوڕوو بۆتەوە کە چەند ناوەندێکی گرنگی هەیەو بریتین لە: دەوڵەت ـ نەتەوەکان، ناوەندە نێونەتەوەیییەکان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان (NGO)و، کۆمپانیا زەبەلاحو فرەنەتەوەیییەکان، کە هەرکام لەو ناوەندگەلە بە نۆرەی خۆیان لەسەر بەڕێوەبەریی جیهان کاریگەرییان هەیە. ئەمریکا لەم سیستمە جیهانییەدا گەورەترین زلهێزە، بەڵام بوونی ئەم زلهێزە تاقانەیە لە لایەن بەشێك لە دەسەڵاتەکانی دنیاوە بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکرێ.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی داوە کە ئەویش وەکوو هێزێکی بڕیاردەر دەوری خۆی بگێڕێ، بەڵام بە دوو هۆ لەو هەوڵانەدا سەرکەوتوو نەبووە:

یەکەم: توانای ئەو ڕێکخراوە بۆ بەرگریکردن لە کردەوە یەك لایەنەکانی وڵاتانی بڕیاردەر زۆر لاوازە.

دووهەم: تا ئێستاش ئەو ڕێکخراوە لە چوارچێوەی ئوسوولە نادادپەروەرانەکانی ئاکامی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ماوەتەوەو نەیتوانیوە لەو بارەوە ئاڵوگۆڕی پێویست بە سەر خۆیدا بێنێ. یەکێك لەو ئوسووڵە ناعادلانەیە بریتییە لەوەی کە بە پێچەوانەی ناوەکەی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە، بەڵکوو ڕێکخراوی دەوڵەتەکانە کە زۆربەیان لە ئاکامی دابەشکارییە کۆلۆنیالییەکانی ئاکامی دوو شەڕی یەکەمو دووهەمی جیهانیدا دامەزراون. بەشێك لە ئاکامی ئەم دابەشکردنە نادادپەروەرانەیە، بێمافیی دەیان نەتەوەی بندەستو مافخوراو لە سەرانسەری جیهاندایە.

یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی دنیای ئەمڕۆ، ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە دەگرێتەوە کە لە پێوەندیی نێوان وڵاتانی دنیا بەتایبەت وڵاتە بڕیاردەرەکاندا هاتۆتە پێشێ. کەشی زاڵ بە سەر ئەو پێوەندییانە لە سەردەمی شەڕی ساردا بریتی بوو لە ململانێی توندو تەنانەت تێکهەڵچوونە ناڕاستەوخۆکان لە نێوان ئەواندا و هەروەها دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو ناوچەی ژێر کاریگەریی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا، بەڵام ئەمڕۆکە کەشی زاڵ بەسەر پێوەندیی نێوان ئەو دەوڵەتانەدا کەشی دیالۆگو هاوکاری بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە لە بۆچوونە جیاوازەکاندایە، بە چەشنێك کە بەرژەوەندیی هەموویان لە بەرچاو بگیرێ. ئەم هاوکاریو دۆستایەتییە لە چەند ساڵی ڕابردووداو، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانو پەرەگرتنی تیرۆریزم، چەکی ناوکیو... کە بەرژەوەندیی هەموو ئەم زلهێزانە دەخاتە مەترسییەوە، پەرەی گرتووەو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەوپێش دەچێ. بەڵام هاوکات دەبینین کە دەوڵەتەکانی ڕکەبەری ئامریکاو ڕۆژئاوا، بەتایبەت چینو رووسیە، خوێندنەوەو بۆچوونی جیاوازیان بەرامبەر بەو پرسانە، وەك مەترسیی تیرۆریزم، بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، دێموکراسیو مافی مرۆڤ هەیەو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان لە گۆشەو کەناری جیهاندا ڕەچاو دەکەن. بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینین کە ئامریکاو هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ لانیکەم هەڵسوکەوتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێو لە هێندێ نموونەدا، ڕێژیمەکانیان گۆڕی، بەڵام ئەو دەوڵەتانە تا ئەو جێگایەی بەرژەوەندییەکانیان ڕێگا بدا، پشتیوانی لەو ڕێژیمانە دەکەنو ئامادەی گوشارهێنان بۆیان نین. لەو ململانێیە جیهانییەدا، بەشێك لە سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ دژایەتی لەگەڵ تیرۆریزمو پەرەدان بە دێموکراسیو ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ لە جیهانو بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەك دەگرنەوە. بەتایبەت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ٦ دەیەیە کە بۆ دابینبوونی دێموکراسی خەبات دەکاو قوربانیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییە، بۆیە لەو بوارانەدا خۆی لە بەرەی دژ بە تیرۆرو پەرەدان بە دێموکراسیدا دەبینێتەوە.

پێناسەیەکی دیکەی ئەم سەردەمە، پەرەگرتنی دەوری ڕێکخراوە ناحکوومی (NGO)کانە لە ڕاستای پشتگیری لە مافی مرۆڤ لە واتا بەرینو بەربڵاوەکەی خۆیدا. کارو هەڵسووڕانی ئەم ڕێکخراوانە لە پێکهێنانی وێنەیەکی نوێ لە پێکەوەژیانی جیهانیدا، دەورێکی بەرچاوی بووە. ئەوان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکان، توندوتیژیو ئیدئۆلۆژییە چەقبەستوەکاندا، هەنگاوی گرنگیان ناوە. دەخالەتی مرۆڤانی کە ئەمڕۆ وەك ئەسڵێکی بنەڕەتی بۆتە جێگای پەسندی جیهانی، یەکێك لە ئاکامەکانی کارو هەڵسووڕانی ئەم ڕێکخراوانەیە.

ڕەچاوکردنی ئەسڵی دەخالەتی مرۆڤانی زەربەیەکی قورس بوو لە جەستەی سیاسەتی ڕێئال پولیتیك لە پێوەندی لەگەڵ دەست وەرنەدان لە کاروباری دەوڵەتەکاندا. گرتنەبەری ئەم سیاسەتە، گیانی بە میلیۆنان کەس لە خەڵکی بێدەرەتانی لە بەرانبەر هێرشو تۆقاندنی حکوومەتە سەرەڕۆکاندا پاراستووە. وەك ئەو دەستوەردانانەی کە لە کوردستانی عێراق بۆ پێکهاتنی ناوچەی پارێزراو لە سەرەوەی مەداری ٣٦ دەرەجەو هەروەها لە بۆسنی هێرزۆگوڤین، تیمووری ڕۆژهەڵاتو کۆسۆڤۆ، بۆ خەڵکانی هەڕەشەلێکراوی ئەو ناوچانەو دەستێوەردانی نێونەتەوەیی لە کێشەی دارفوورو ئێتیۆپیو ڕواندا ... بەڕێوەچوون.

بێگومان ڕێژیمە دیکتاتۆرو دژی گەلییەکان کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەهۆی تێکۆشانو پەرەگرتنی ئەم ڕێکخراوانە لە مەترسیدا دەبینن، لە هیچ چەشنە دوژمنایەتیو بەربەرەکانێیەك لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە دریغی ناکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی مێژوو لە ڕاستای دێموکراتیزاسیۆنو بەجیهانیبوونی بەهاکانی مافی مرۆڤ ـ هەرچەند بە لەسەرەخۆییش بێ ـ بەرەوپێش دەچێ. هیوادارین کە ئەسڵی دەستێوەردانی مرۆڤانی، حکوومەتی ئەو وڵاتانەش بگرێتەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردو نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکە لە دەست چەوساندنەوەو سەرکوت ڕزگاریان بێو بچنە ڕیزی ئەو نەتەوانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بە مافەکانیان گەیشتوون.

یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی دنیای ئەمڕۆ، جیهانگیریی ئابووریو سیاسەتو ئەو بەرنامانەن کە بەشێك لە خاوەن نەزەران بە سیاسەتی "نئولیبرال"ی ناو دەبەن کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیو پێکهاتەیی قووڵیان لە بواری تێکنۆلۆژی، ڕاگەیاندنو زانست بەدواوە بووە. ئەم ئاڵوگۆڕانە بێجگە لە کاردانەوەیان بۆ سەر پێوەندییەکانی نێوان هێزە سەرەکییە سەرمایەدارییەکانو پەرەگرتنی هاوکاتی بەربەرەکانیو لێك نیزیکبوونەوەیان لە چوارچێوەی بەدەستەوەگرتنی بازاڕەکانو سەرچاوە سروشتییە ستراتیژیکەکانی جیهان، شوێنەواری نەرێنیی قووڵی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی بە دەیان میلیۆن لە دانیشتووانی گۆی زەوی داناوە.

لە لایەکی دیکەوە بەجیهانیبوون لەسەر بناغەی پەرەپێدانو کەڵەکەبوونی سەرمایە دامەزراوە کە بازاڕی ئازاد، تایبەتیکردنو بەجیهانیکردن لە نیشانە بەرچاوەکانیەتی. لەم نیزامەدا کۆمپانیا زەبەلاحە نێونەتەوەییەکانی سەر بە وڵاتە گەورە سەرمایەدارییەکان، ژیانی بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی گۆی زەوییان بەدەستەوە گرتووەو بەم چەشنە لە پێکهێنانی هەژاریو نایەکسانی لە جیهاندا، شوێنی بەرچاویان داناوە.

دیارە لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەشدا، هێزی نوێ لە ڕادەی جیهانیو ناوچەییدا هاتوونەتە کایەوەو بە توندی دژی ئەم دیاردانە بەربەرەکانێ دەکەن. ڕێکخراوە کرێکارییەکان، سەندیکاکان، بزووتنەوە جووتیارییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، جووڵانەوەکانی دژی زۆرداریو جیاوازیدانان، ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکانو زۆری دیکە لەو بەرەیەدان.

ڕێکخراوەکانی ژنێواکاڵو یو ئێن پی ئۆو ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست کە حیزبی دێموکرات لە هەر سێکیاندا ئەندامە، لە ڕیزی ئەو ڕێکخراوانەدا جێ دەگرن. هاوکات حیزبی دێموکرات دەبێ لەو جۆرە ڕێکخراوە جیهانییانەی لایەنگری ئاشتی، مافی مرۆڤ، پاراستنی

ژینگەو پەرەدان بە دادپەروەری، نیزیك بێتەوە، چوونکە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤو دابینبوونی دەرەتان بۆ گەشەی ژیانی مرۆڤەکان، یەکێك لە ئارمانو پرەنسیپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

## ٢ـ ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست

ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، بەهۆی هەلکەوتەی جوغرافیایی، پێکهاتەی دانیشتووانو حەشیمەتی زۆرو بازاڕێکی گەورەی شتومەكو سەرچاوە بەرفراوانە ژێر زەوی‌و سەرزەوی‌یەکانی، لە کۆنەوە جێگای ململانێو دەستێوەردانی زلهێزە دەرەکی‌و هێزە نێوخۆیی‌یەکان بووەو، لە هەمان کاتدا ناوەندی گرفتو کێشەو ناکۆکی‌یە ئایینی‌و نەتەوەیی‌یەکانە. بەم پێیە سروشتی‌یە کە هێزەکانی ڕۆژئاوا یانی ئەمریکاو ئورووپا، بەتایبەتی دوای کۆتایی‌هاتنی شەڕی سارد، لەم ناوچەیەدا کەوتوونەتە ململانێ بە مەبەستی پەرەپێدانی نفووزو دەسەلاتی خۆیان. هەرچەند لەو مەیدانەدا ئەمریکا شوێنپەنجەی دیار بووە، بەلام ئورووپاش هەولی داوە کە بە قەدەر خۆی لە ناوچەدا پەل باوێو چارەسەری کێشەکان بە ئاقارێکدا بەرێ کە بەرژەوەندی‌یەکانی دابین بکا، لە لایەکی دیکەوە ڕووسیەو لەم دواییانەدا چینیش بەدوای بەرژەوەندیی خۆیان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێن.

هێرشی تیرۆریستیی بناژوە ئیسلامی‌یەکانی ئەلقاعیدە بۆ سەر ئەمریکا لە ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١دا بوو بەهۆی ئالوگۆڕێکی گرنگ لەو ناوچەیەدا. ئەمریکا بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆی لە بەرانبەر هێرشی تیرۆریستی‌داو، بەو نیازەی کە شەڕ لەگەل تیرۆریستەکان لە دەرەوەی ولاتەکەی خۆی‌دا بکاو تیرۆریزم لە مالی خۆی‌دا بە چۆکدا بێنێ، هێرشی کردە سەر حکوومەتی تالیبان لە ئەفغانستانو حکوومەتی بەعس لە عێراقو هەردوو ڕێژیمەکەی ڕووخاند. بەلام بەهۆی بوونی سەرچاوەیەکی دیکەی تیرۆر کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی لە تارانە، نەك هەر بەو هێرشانە تیرۆریزم کۆتایی پێنەهات، بەلکوو بە شێوەیەکی بەربلاوتر لە جاران لە ناوچەدا کەوتە کارو تێکۆشانو بنکەو پشتیوانی تازەتریان بۆ پێك هات.

جوولانەوەی شیعەکان لە عێراقدا کە زۆربەی حەشیمەتی ئەو ولاتە پێك دێنن، پاشەکشەی هێزەکانی سووریە لە لوبنانو پڕکردنەوەی بەتالایی ئەو هێزانە لە لایەن حیزبوللای لوبنانەوە کە هێزێکی شیعەی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامی‌یە لە لایەکو، بەسترانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستانو عێراقو درێژەکێشانی شەڕی ئەمریکا لەو شوێنانەدا لە لایەکی دیکەوە، بوونە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە سەرەتاوە خەونی ئیمپراتۆریی ویلایەتی فەقیهی بەهۆی (ناردنە دەرەوەی شۆڕش)ی ئیسلامی لە ناوچەو جیهاندا دەبینی، بە نەمانی دوو دوژمنی بەهێزی وەك تالیبانو بەعس، بە یارمەتیدانی زیاتری تیرۆریزم، بۆخۆی بوو بە یەکێك لە ناوەندە هەرە بەهێزەکانی ئاژاوەو تیرۆر لە ناوچەدا. بێجگە لەوانە پرۆژەی ڕێژیم بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، نیگەرانی‌یەکانی ئەمریکاو ئورووپای زیاتر کرد.

سیاسەتی ئەمریکاو ئورووپا لە پێوەندی لەگەل کێشەکانی ناوچەو چارەسەرکردنیان کەمو زۆر لێك نیزیك بوونەتەوە. لە سێپتامبری سالی ٢٠٠٢دا دەولەتی ئەمریکا "ستراتیژیی ئەمنییەتی میللی(Notional Security Strategy) ڕاگەیاندو بە "ستراتیژیی ئەمریکا بۆ دنیای پاش ١١ی سێپتامبر" یان "دوکترینی بووش" ناوی دەرکرد.

بەدوای ئەوەدا لە دیسامبری سالی ٢٠٠٣دا شوورای ئورووپا (کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی ولاتانی ئەندام) لە بروکسێل (ستراتیژیی ئەمنییەتیی ئورووپا)ی Europian Security Strategy پەسند کرد.

لە هەردووکی ئەم گەلالانەدا، کێشەو هەڕەشەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لە:

- هەژاری، بێکاریو نزم بوونی ئاستی خوێندەواری
- بە چارەسەرنەکراو مانەوەی کێشە ناوچەیییەکان
- نەبوونی ئازادی، دێموکراسیو زاڵبوونی دیکتاتۆری
- شکڵنەگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی
- دیاردەی تیرۆریزم
- مەترسیی بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکاندا

دەبینن.

هەردووڵاش لە ڕێگاچارەی ئەم دیاردانەدا زۆر لێك نیزیكنو، سیاسەتیان لەو پێوەندییەدا تا ئێستاش گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەڵوێستو چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردانەیە.

لە سەرەتای خولی یەکەمی سەرکۆماریی جۆرج بووشدا، ستراتیژیی ئەمنییەتی نەتەوەیی ئەمریکا ڕێگای دەدا بەو وڵاتە لە کاتێکدا کە هەست بە مەترسیی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە جێگایەك بکا ـ ئەگەر بە پێویستی زانی ـ بە بێ پەسندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ـ "زەبری بەرگریکەرانە" (Pre - emptive Strike)ی لێبوەشێنێ.

بێجگە لە چینو ڕووسیە کە بە تەواوی دژی دوکترینی بووش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون، وڵاتانی ئورووپاییش ـ جگە لە بریتانیا ـ ئەو هەڵوێستەی ئەمریکایان بە لەژێرپێنانی یاسا نێونەتەوەیییەکانو ڕەچاوکردنی سیاسەتی "خۆ بە میحوەردانانو بایەخ نەدان بە لایەنەکانی دیکە" دەزانیو بە کۆسپی سەر ڕێگای هاوکاریو هاوهەنگاویی نێونەتەوەیییان دادەنا.

ئەو برگەیە لە بەڵگەنامەی "ستراتیژیی ئەمنییەتی نەتەوەیی" هەرچەند تا ئێستاش وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە دەوری دووهەمی سەرکۆماریی سەرۆك بووشدا، بەکردەوە وەلا نراو، تەنیا جاروبار لە وەڵامی پرسیارەکاندا وەك ئامرازێکی گوشارو، وەك دوا ئاڵترناتیڤ ئاماژەی پێ دەکرێ.

ئەو گۆڕانە لە سیاسەتی ئەمریکا نەك هەر ڕێگای بۆ لێك نیزیکبوونەوەی سیاسەتو کردەوەکانی ئەم وڵاتەو ئورووپا لەو ناوچەیەدا خۆش کرد، بەڵکوو بوو بەهۆی نەرمبوونی هەڵوێستی چینو ڕووسیە لە بەرامبەر ئەمریکادا. یەکێك لە ئاکامەکانی ئەو هاودەنگییە لە ناوچەدا، پەسندکرانی ٣ بڕیارنامەیە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا.

لەم ماوەیەداو بەدوای گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا، ئەکتیڤ بوونی سیاسەتی ٢ دەوڵەتی بەهێزی ئورووپا، قورسایی هێزی بەتەواوی بەلای ئەمریکادا وەرسووڕاند.

گۆڕانی حکوومەت لە ئاڵمانو هاتنە سەرکاری حیزبی دێموکرات مەسیحیو بەتایبەت هاتنە سەرکاری سارکۆزی لە فەرانسە وەك سەرۆك کۆمار، لە ئاڵوگۆڕە گرنگەکانی سیاسەتی ئورووپا لەم ماوەیەدا دەژمێردرێ. بەدوای هێرشی تیرۆریستیی ١١ی سێپتامبرو هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق، فەرانسەو ئاڵمان بە توندی دژی هێرشەکە ڕاوەستانو لە ئەمریکا دوور کەوتنەوە. لە حاڵێکدا ئێستا ئەو دوو دەوڵەتە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بۆ دژایەتی لەگەڵ تیرۆریزمو بەرنامە ناوکییەکانی ئێران کۆکنو هەموو پێکەوە سیاسەتی هاوبەش لە ناوچە دەبەنە پێش.

کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەش شوێنی خۆیان هەبووە لە پێکهاتنی ئەو ئاڵوگۆڕە بەرچاوانەدا کە گرنگترینیان پەرەئەستاندنی ئیسلامی ڕادیکاڵو مەترسیی جیددی تیرۆریزم لە ناوچەو جیهاندا بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانو کردەوەو سیاسەتەکانی لە هەردووکی ئەم

بوارانەدا یارمەتیدەرێکی بەهێز بوون بۆ لێك نیزیکبوونەوەی ئەو لایەنانە، بەتایبەت هەڕەشە ئاشکراکانی لە وڵاتی ئیسرائیل. ئەو مەترسییانەش پێویستیان دەکرد کە ئەو لایەنانە بە یەکگرتوویی بەرەوڕووی ببنەوە. دەرکەوتەی ئەو ئاڵوگۆڕو لێك نیزیکبوونەوانە ـ بەتایبەت لە نێوان ئەمریکاو ئورووپادا ـ ئەوەیە کە ئەمریکاو ئورووپا ڕێك کەوتوون کە کێشەی ئیسرائیل‌و فلستینییەکان‌و وزەی ئەتۆمیی ئێران چارەسەر بکەن.

بۆ ئەو مەبەستە دوو سیاسەتی هاوتەریب لە ناوەوەو دەرەوە دەبەنە پێش: لە ناوخۆ، وتووێژەکانی نێوان ئیسرائیل‌و ڕێکخراوی فەتح بە سەرۆکایەتی مەحموود عەباس بەردەوامن، لە لایەکی دیکەوە وتووێژەکانی نێوان سووریەو ئیسرائیل هەنگاوی باشی بەرەوپێش هەڵگرتووە، لەو پێوەندییەدا تەنانەت ئیسرائیل باس لە پاشەکشە لە بەرزاییەکانی گولان‌و پاشەکشە بۆ هێڵی ٣٦ دەرەجەی پێش شەڕی نێوان عەرەب‌و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ دەکا. لە دەرەوەش هەردووك لایەنی ئەمریکاو ئورووپاو وڵاتانی کەنداوی فارسیش بەرنامەی چڕوپڕیان هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل‌و فلستین.

ئەوەی تاکوو ئێستا وەك گرێ کوێرەیەك لەو ناوەدا ماوەتەوەو کۆسپە، ئەو دووبەرەکییەیە کە لە نێوان لایەنەکانی فلستینیدا بەردەوامەو تا کاتێك سازانێك لە نێوان حەماس‌و حکوومەتەکەی مەحموود عەباسدا نەیەتە کایەوە، وتووێژی ئیسرائیل لەگەڵ یەکێك لەوان بە ئەنجام ناگا. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوری هەرە سەرەکیی هەیە لە بەهێزکردنی دووبەرەکایەتیی نێوان لایەنی ڕێکخراوی فەتح‌و حەماس‌و بێ‌ئاکام هێشتنەوەی هەوڵەکانی ئاشتی لە هەموو لایەکەوە. هەرچەند لەم چەند مانگەی ڕابردوودا وەك باس کرا هەنگاوی بەرچاو لە پێوەندی لەگەڵ کۆتایی‌هێنان، یان لانیکەم کەمکردنەوەی گرژییەکان لەو ناوچەیە هەڵگیراوە، بەو حاڵەش کارو تێکۆشانی زۆرتر هەڵدەگرێ، چونکە مەسەلەکان زۆر ئاڵۆزو پێکەوە گرێدراون.

بەو حاڵەش لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکان، وا چاوەڕوان دەکرێ کە لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو هەوڵانەدا ئاڵۆزییەکانی ناوچە بەرەو کەمبوونەوە بچن‌و سەردەمی هێزنواندن‌و دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا مەودای بەرتەسك بکرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر هەروا لە سەر بڕیاری پیتاندنی یۆرانیۆم سوور بێ.

لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە:

١ـ پشتیوانی لە مافی فلستینییەکان دەکا بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆو، ژیانێکی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە. لە هەمان کاتدا مافی ئیسرائیلییەکانیشە کە ژیانێکی پڕ لە ئاسایش‌و دوور لە ئاڵۆزی لەگەڵ جیرانەکانیان هەبێ. باشترین ڕێگاش بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە ڕەوایانە، وتووێژی ئاشتیخوازانەو سنگ فراوانییە کە پێویستە لە هەردووك لاوە هەنگاوی جیددیی بۆ هەڵگیرێ.

لەم پێوەندییەدا ڕادەگەیەنین کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هیچ چەشنە دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ ئیسرائیلدا نیە.

٢ـ لە هەنگاوەکانی ئاشتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشە لەمێژینەیە لە لایەن هەر لایەنێکەوە هەڵگیرێ پشتیوانی دەکاو، دژی هەموو دەستتێوەردانێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پەکخستنی ئەم پرۆسەیە.

٣ـ بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی کە تا ئێستا لە بۆچوونی ڕۆژئاواییەکاندا بە نیسبەت ئەو ناوچەیە باو بووەو، ویستوویانە کێشەی ئەو ناوچەیە لە چوارچێوەی کێشەی نێوان ئیسرائیل‌و فلستینییەکاندا بەرتەسك بکەنەوە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە کێشەی کوردەکان کەمتر لە کێشەی فلستینییەکان نیە.

٤- جێگیربوونی سیستمی دێموکراتیک‌و رەچاوکردنی مافی مرۆڤو یەکسانی لە نێوان نەتەوەو ئایین‌و ئایینزاکان، خواستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ سەقامگیری لە ناوچەیە.

کوردەکان بە حەشیمەتێکی نیزیك بە ٣٥ میلیۆن، یەکێك لە گەورەترین نەتەوەکانی بێ‌دەوڵەتن کە خاکیان بەدوای شەڕەکانی چالدران‌و یەکەمی جیهانی‌دا دابەش کراوەو ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە لە دژی زوڵم‌و زۆری دەسەلاتداران بۆ بەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان خەباتیان کردوە. ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرانەی خاکی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانی دەرحەق بەو گەلە کۆتاییان نەکردوە. هەر ئێستاش کوردەکان لە بەشەکانی تورکیا، ئێران‌و سووریە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی‌و دێموکراتیکی خۆیان خەبات دەکەن.

بۆیە چارەسەری کۆتایی کێشەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست، کاتێك بە ئەنجام دەگا کە کوردەکانیش بتوانن لەو ولاتانەی کە تێیدا دەژین، لە ژێر زوڵم‌و زۆرداری رزگاریان بێ‌و بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان بگەن. داخوازی‌یەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، لە چوارچێوەی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا دەگونجێن‌و ئەمەش بەو مانایەیە کە دۆزی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئەو ولاتانە نیە کە کوردیان تێدا دەژی، بەلکوو مەسەلەیەکە کە پێوەندیی بە کۆمەلگای نێونەتەوەیی‌یەوە هەیەو پێویستە کۆمەلگای نێونەتەوەیی بەرپرسایەتی‌یەکانی خۆی لەو پێوەندی‌یەدا وەئەستۆ بگرێ‌و نەتەوەی کورد نەك هەر نابێ ببێتە قوربانیی رەوتی ئاشتی‌و سەقامگیری لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست، بەلکوو دەبێ یەکێك بێ لە بنەماکانی ئاشتی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست.

## ٣- پرسی کورد

لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری‌و پێوەندی‌یە خێراکاندا، ئەو حکوومەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، ناتوانن وەك رابردوو و بە بێدەنگی کورد قەلاچۆ بکەن، چونکە لە سایەی ئەم ئالوگۆڕە بەرینانەی راگەیاندن پێکیان هێناوە، داپلۆسین‌و ستەم‌و سەرکوتی ئەو خەلکەو هەروەها نێوەرۆکی مافخوازانەی خەباتی رزگاریخوازیی ئەوان، تارادەیەکی زۆر لە جیهان ناسراوە. بەو حالەش تا ئێستا کورد ـ بێجگە لە کوردەکانی کوردستانی عێراق ـ وەك گەورەترین نەتەوەی بێ‌حکوومەت هەر لە ژێر ستەم دایەو لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی کە خوێندن بە زمانی زگماکی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیەتی، بێبەش کراوە. تا ئێستا پرسی کورد وەك نەتەوەیەك نەکەوتۆتە رۆژەڤی ناوەندە دەسەلاتدارەکان‌و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

ـ لە تورکیە کە بەرینترین خاك‌و زۆرترین حەشیمەتی کوردی تێدا هەلکەوتوە، بە هەزاران گوند بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەل جوولانەوەی کورد لەگەل خاك یەکسان کراون، هەروا بە وێرانی ماونەتەوەو دانیشتوانیان لە پەراوێزی شارە گەورەکان، لە خراپترین وەزعدا ژیان تێپەڕ دەکەن. لەگەل ئەوەی کە لەم ٣ ـ ٤ سالەی دوایی‌دا زەختی نێونەتەوەیی بۆ سەر حکوومەتی تورکیە بە مەبەستی چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لەو ولاتەدا کەم‌و زۆر بەردەوام بووە، بەلام، تا ئێستا حکوومەت دەیەوێ پرسی کوردی ئەو ولاتە وەك پرسی تیرۆریزم بە جیهان بناسێنێ‌و بە هەموو تواناوە هەولی سەرکوتکردنی داوە.

کوردەکان لەو ولاتەشدا وەك باقیی ولاتانی حاکم بەسەر کورددا، لە ریزی بێ‌بەشترین حەشیمەتی دانیشتووی ئەو ولاتەدان. جێی خۆشحالی ئەوەیە کە کوردەکانی ئەو ولاتەش لە خەبات کردن بە چۆکدا نەهاتوون‌و ملیان بۆ سیاسەتەکانی دەولەتی تورك کە تواندنەوەی کوردە، رانەکێشاوە. جیاوازی‌یەك کە لەو بەشە لە هەلسەنگاندن لەگەل باقیی بەشەکانی کوردستان دەبینرێ، ئەوەیە کە

خەباتی سیاسیو مەدەنی کەمو زۆر ڕێگای بۆ کراوەتەوەو خەڵکی وشیاری ئەو بەشەش بە خۆشییەوە لەو شێوە خەباتە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ویستە دێموکراتیکەکانیان کەڵکی باش وەردەگرن.

ـ خەباتی کورد لە سووریە وەك کوردی هەرکام لە بەشەکانی دیکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە لەو وڵاتەدا کورد خەباتی چەکدارانەی نەکردوە، خەباتی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بەردەوامە. ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ جیاوازیدانانی زۆر لە لایەن حکوومەتەوە بەرەوڕوونو بە دەیان هەزار کەس لە ناسنامەی ئەو وڵاتەش بێبەش کراونو بەم چەشنە تەنانەت مافی هاووڵاتیبوونیشیان لێ سەندراوەتەوە. لە ٢ ـ ٣ساڵی رابردوودا چەندین حەرەکەتی ئیعترازیی خەڵك بە دژی ڕێژیم رووی داوەو ئەوەش بۆتە هۆی کوژرانو زیندانیکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵكو پێکهێنانی وەزعی ئەمنییەتیی توندوتیژ بەسەر خەڵکەکەدا. بە عەرەب کردنو گۆڕینی دێموگرافیای ئەو بەشە لە کوردستان بە هۆی کۆچپێدانی عەرەبەکان لە لایەن حکوومەتەوە، بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیەو عێراق.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك پرەنسیپی نەتەوەیی هەمیشەیی خۆی، پشتیوانی لە خەباتی مافخوازانەو دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی تورکیەو سووریە دەکاو هیوادارە حیزبو هێزە بەپرەنسیپو مەسئوولەکانی هەرکام لەو بەشانە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە سیاسی ـ ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئەو بەشانە، هەلەکانی بەردەم خەباتی رەوای کورد بقۆزنەوەو هەنگاوی روولەپێش بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی ـ دێموکراتیکەکان هەڵگرن. هەروەها خوازیاری ئەوەیە کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو باقی ناوەندە نێونەتەوەییەکانی بڕیار بەدەستی جیهان، ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ زەخت خستنە سەر حکوومەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە تا ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد رەچاو بکەنو دەست لە قەڵاچۆ کردنی کوردستان هەڵبگرن.

## کوردستانی عێراق

لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕەکانی پێکهاتوو لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو لە گۆشەنیگای کێشەی کوردەوە، رووخانی حکوومەتی سەددام حسێن، بە گرنگترینو شوێندانەرترین ئاڵوگۆڕ دەژمێردرێ. بە پێکهاتنی حکوومەتی نوێی عێراقو یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە، کوردستانی عێراق یەکەم بەش لە کوردستانی دابەشکراوە کە بە یاساو بەکردەوە دەبێتە خاوەن حکوومەتو دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ناوخۆییو کورد لە پلەی بەرزی دەسەڵاتدا لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی عێراقدا بەشدار دەبێ. لە دوای ١١ مانگ تەمەنی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە شەڕی دووهەمی جیهانی بەملاوە، ئەم ئاڵوگۆڕە گرنگترین ئاڵوگۆڕی ناوچەیە کە بە قازانجی کورد هاتۆتە پێش.

هەرچەند تاکوو ئێستاش کورد لەم بەشە لەگەڵ کۆمەڵێك کۆسپو تەگەرەی نێوخۆییو دەرەکی رووبەڕوویەو هێشتا بە بەشێك لەو مافانەی کە لە یاسای ئەم وڵاتە دەستنیشان کراون، نەگەیشتووە، بەڵام هەمووی ئەوانە شتێك لە گرنگیی ئەو دەسکەوتە مێژووییە ناگۆڕن. هەربۆیەش ئەگەر دوژمنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە نێوخۆی عێراقو دەرەوە، ئەم ئاڵوگۆڕە بە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن‌و بۆ نەهێشتنی یان بەرتەسکردنەوەی تێدەکۆشن، نەتەوەی کوردیش لە هەر کوێی گۆی زەوی بێ، ئەم دەسکەوتە بە دەسکەوتی خۆی دەزانێو بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکا. ئەم هەستە بێگومان ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرانی حکوومەتی کوردستانو نەتەوەی کورد بەگشتی قورستر دەکا، بەم واتایە کە گەلی کورد لە هەموو بەشەکاندا پێویستە بە گوێرەی توانا بەرگری لەو دەسکەوتە بکاو لە سیاسەتو کردەوەدا بۆ بەهێزترکردنو سەقامگرتوویی ئەم دەسەڵاتە هەوڵ بدا. لە بەرانبەردا حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەکوو ئەرکێك، پێویستە یارمەتیدەری جووڵانەوەی بەشەکانی دیکە بێ بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو

مافە دێموکراتیکەکانیان، پێکهێنانی هاوسەنگییەکی گونجاو لە نێوان ئەم دوو چاوەڕوانیو ئەرکەدا، پێویستی بە وردبینیو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە لایەن هەموو بەشەکانەوە هەیەو دابینبوونی بەرژەوەندیی هیچ بەشێك نابێ زەرەر بە بەرژەوەندیی بەشی دیکە بگەیەنێ.

## ٤ـ ئێران

## دیکتاتۆری ئاشکراتر لە رابردوو

ئێران ولاتێکی فرەنەتەوەیەو هەرکام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم ولاتە ـ کورد، فارس، تورك، عەرەب، بەلووچو تورکمەن ـ بە شێوەی گشتی لە سەر خاکی خۆیان نیشتەجێن. بەهۆی زاڵ بوونی حکوومەتە دژی گەلییەکانی پەهلەویو کۆماری ئیسلامییەوە ئەو نەتەوانە لە هەموو مافە نەتەوەییەکانیان بێبەش کراون.

ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێراندا لە ماوەی نێوان کۆنگرەکانی ١٣ ـ ١٤ (١٣٨٣ ـ ١٣٨٧)دا درێژەی ئەو ڕەوتەیە کە لە ساڵانی پێشترەوە دەستی پێکردبوو، بەو جیاوازییەوە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕادەی دیکتاتۆریو زەبرو زەنگ، هەژاری، بێکاری، گەندەڵیی دەزگای بەڕێوەبردن، پشتگیری لە تیرۆریزم، لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ، سەرکوتی جووڵانەوە نەتەوەییەکانو ...، بەرەو ژوورتر هەڵکشاوە.

لەو ماوەیەدا هەرچەند بە ڕواڵەت هەڵبژاردنێك بۆ مەجلیسی شووڕای ئیسلامیو هەڵبژاردنێکیش بۆ سەرۆك کۆمار کراوە، بەڵام هەڵبژاردنەکان لە چەشنی هەڵبژاردنەکانی پێشوو سەرەڕای پێهەڵگوتنەکانی ڕێژیمو هەراوهووریا ساز کردن بۆ چەواشەکاریی ڕای دەرەوە، دەسکەوتێکیان بۆ خەڵك نەبووە. بەناو نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە چەندین پاڵوێنەدا پاڵێوراون تا هیچ ئاسەوارێکیان لە بیری ئازادو خەمی خەڵکیان پێوە نەبێو ملکەچی بێئەملاو ئەولای نیزام بنو بەرژەوەندییەکەی بپارێزن، بۆیە دەبینین کە مەجلیس هەروا بێدەسەڵاتەو لە بەرامبەر ئەو هەموو بێقانوونیو لەژێرپێنانی مافی ئاشکرای خەڵك، نەك هەر بێدەنگو چاولێکەرە، بەڵکوو بێعەدالەتیو ستەمەکان دەسەلمێنێ. ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی مەحموود ئەحمەدینژادیش وەك سەرۆك کۆمار، بەپێچەوانەی هەموو ئەو دروشمانەی کە لە سەردەمی هەڵبژاردندا بە خەڵکی دا، وەرچەرخانێکی تەواو بوو بۆ دواوە، بەو واتایەی کە سەرکوتی جیابیران، جیاوازی دانانو هەڵاواردن، سەرکوتو بێحورمەتی بە ژنان، کرێکارانو هەڵسووڕاوانی مافی نەتەوایەتیو باقی توێژەکانی هەژاری وڵات، زیاتر لە ڕابردوو پەرەی گرتو دیکتاتۆری ئاشکراتر خۆی نواند. لەو ماوەدا بەتایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای بەرزبوونەوەی زیاتر لە سێ قاتی نرخی نەوت، هەژاریو بێکاری لە وڵاتدا بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان گرتو جیرەبەندی بێنزین بە هۆی کەمیو هەروەها بڕانی چەندین کاتژمێر کارەبا لە ڕۆژدا ئاکامی ئیدارەی سەرکۆمارن.

ئەگەر بمانەوێ خاڵێکی ئەرێنی لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەدینژاددا باس بکەین، هیچ شتێك نابینینەوە بێجگە لەوەی کە سیاسەتو کردەوەکانی ئەو، ڕووی درێوی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ ئەو بەشە لە دنیای پێشکەوتوو ئاشکرا کرد کە پێشتر بە گوێرەی پێویست شارەزای سیاسەتە دواکەوتووانەکەی ڕێژیم نەبوون. گرنگترینی ئەو سیاسەتانە بریتی بوون لە حاشا کردن لە هولوکوستو هەڕەشەی سڕینەوەی وڵاتی ئیسرائیل لە سەر گۆی زەوی، دەستێوەردانی ئاشکرا لە کاروباری وڵاتانی ناوچە بەتایبەت عێراق، فلستین، سوریەو لوبنان بە ناردنو پشتگرتنی تیرۆریزمو هەوڵدان بۆ سەرنەگرتنی هەوڵەکانی ئاشتی لەو ناوچەداو، پێداگری لە سەر پیتاندنی ئۆرانیۆم.

پێویستە هەر لێرەدا جارێکی دیکە ئەو راستییە دووپات بکەینەوە کە ئەحمەدی‌نژادو باقی ئورگانو مۆرە وردو درشتەکانی ئەم حکوومەتە، کەمو زۆر وەك یەك بێ‌دەسەلاتنو تەنیا ئەرکیان بەڕێوەبردنی بڕیارو فەرمانەکانی ولایەتی فەقیهە. بۆیە لە دیاریکردن یان بەناو هەڵبژاردنیشیاندا تەنیا پێوانە وەفاداری بە ویلایەتەو هیچی دیکە. ئاکامی ئەو چەشنە سیاسەتانەش هەروەك تا ئێستا ئەزموون کراوە، بێجگە لە خراپتربوونی رۆژبەرۆژ زیاتری ژیانی خەڵکی ئێران شتێکی دیکە نیە. هەر بۆیە هیواداری بە رێفۆرم، ئاڵوگۆڕی بەرەوپێشو باشتربوونی ژیانی خەڵك لە ناوخۆو، حورمەت دانان بۆ یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان، پشت کردن لە تیرۆریزم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم رێژیمەدا، هیوادارییەکی بێ‌ئاکامەو بێجگە لە رووخاندنی کۆماری ئیسلامیو هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی گەلیی دێموکرات، رێگایەکی دیکە بۆ رزگاربوون لە چنگ ئەو رێژیمە سەرەڕۆیە نیە.

بۆ روونبوونەوەی زیاتری وەزعی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هێما بە چەند لایەنی دیکەی کەمو کووڕی‌یەکان دەکەین:

### ئا- لەشساغیو دەرمان

بە وتەی پسپۆڕانی بواری دەرمانی، کەمکردنەوەی بوودجەی دەرمانیو بێهداشت بۆتە هۆی ئەوە تێچووی چارەسەریی نەخۆشی‌یەکان بە رادەیەکی ئەوتۆ هەڵکشێتە سەرەوە کە ئەگەر لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی‌دا کەس یان کەسانێك دوچاری نەخۆشی بن، خەرجی چارەسەری نەخۆشی وەزعی ئەوان دێنێتە خوارەوەی هێڵی هەژاری. بە پێی ئەم راپۆرتانە، ئێران لە نێوان ١٩١ وڵاتی دنیادا پلەی ١١٢ی هەیە، کە ئەوەش بە بوونی داهاتی زۆری نەوت، وەزعێکی زۆر خراپە. لە ١٠٪ی بنەماڵە هەژارەکان، ١٥٪ تێچووی پێداویستییەکان خەرجی دەرمانە، لە حاڵێکدا ١٠٪ی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان تەنیا ١/٥٪ تێچووی پێداویستی‌یەکانیان خەرجی دەرمان دەکەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم: لە ساڵانی دوایی‌دا خواردنی مەوادی نشاستەیی چونکە لە لایەن دەوڵەتەوە سوبسیدی بۆ دەدرێو نرخی هەرزانترە، بنەماڵە هەژارەکان ئەو مەوادەیان لە جیاتی گۆشت، میوەو سەوزی بەکار هێناوە، لە ئاکامدا دوو لەسەر سێی خەڵك بەهۆی کەمیی کەلسیۆم دوچاری پووکیی ئێسكو باقیی نەخۆشی‌یەکان هاتوون.

دووهەم: بەهۆی بەرزبوونەوەی خەرجی چارەسەریی نەخۆشی‌یەکان، بنەماڵەکان لە توانایاندا نیە کە لە ژێر چاوەدێریی دوکتوردا بن یان ئەگەر هەستیان بە نەخۆشی کرد، زووتر بڕۆنە لای دوکتورو، بۆیە کاتێك بە ناچاری دەچنە لای دوکتور کە نەخۆشی‌یەکانیان زۆر سەخت بووەو چارەسەرکردنەکەی خەرجی یەکجار زۆری تێدەچێ.

راپۆرتی ئەم شارەزایانە هەروەها ئیشارە بە وەزعی خراپی رەوانیی خەڵك دەکاو، دەڵێ ٢٠ - ٢٥٪ی خەڵك لەگەڵ مەترسیی نەخۆشی‌یە رەوانی‌یەکان بەرەوڕوون.

نەبوونی بیمەی بەساڵداچووان لە داهاتوودا وەزعەکە لەوەش خراپتر دەکا. راپۆرتەکە دەڵێ ٢٠٪ی ئەو کەسانەی لە شارەکان کار دەکەنو هێندێك لە کارگاکان کەمتر لە ٥ کەس کاری تێدا دەکەن، بیمەی خانەنشینی‌یان نیە. ٢٠٪ لە حەشیمەتی ئێران کە نیزیك بە ١٤ میلیۆن کەس دەگرێتەوەو زیاتر لە قەراخ شارەکان دەژین لەو حاڵەتەدان. بەکورتی بە پێی ئاماری بانکی ناوەندی لە ماوەی ساڵێکدا (٨٤ - ٨٥) خەرجی دەرمان ١٨/٧٪ زیادی کردووەو بە پێی ئەم لێکدانەوەیە رادەی بەرەوژوو چوونی خەرجی دەرمانی لە ساڵەکانی ٨٦و ٨٧دا زۆر لەو رەقەمە تێ‌دەپەڕێ.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە لە ئێرانی داهاتوودا پێویستە دەرمانو لەشساغی بۆ چینو توێژە کەم داهاتو هەژارەکان دابین بکرێ.

## ب ـ هەژاری و بێدەرەتانی

هەژاری و بێدەرەتانی یەکێك لە دیاریەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێرانە کە بەداخەوە ساڵ بە ساڵ پەرەگرتووتر دەبێ. خەڵکی ئێران کە بە بوونی وڵاتێکی دەوڵەمەند لە باری سەرچاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکان دەبوایە خەڵکێکی بەختەوەرو خۆشگوزەران بان، بەهۆی سیاسەتی ئابووریی هەڵە، بێکیفایەتیی دەسەڵاتبەدەستان و بەتایبەتی گەندەڵی و فەسادی ئیداری، دوچاری رەوشێکی وا هاتوون کە جاری وایە بۆ پەیدا کردنی نانی شەو یان چارەسەری نەخۆشی منداڵیان دەست دەدەنە هەموو کردەوەیەکی ناشایست و ناڕەوا. دیارە ئاسەوارە نالەبارەکانی سزا نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئابووریی ئێران بەبۆنەی پێداگری رێژیم لە سەر پیتاندنی ئۆرانیۆمیش بەشێك لە هۆیەکانی ئەم هەژاری و گرانیەن.

"ناوەندی پارێزەرانی مافی مرۆڤ" لە ساڵی ١٣٨٤دا دەنووسێ لە خۆشبینانەترین هەڵسەنگاندنی رەسمیی دەوڵەتدا، ١٠ تا ١١ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران ناتوانن لانیکەمی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خۆیان دابین بکەن. بەڵام بە پێی راپۆرتی رۆژنامەی "آفتاب یزد" کە لە رێکەوتی ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٨٧دا بڵاو بۆتەوە، ١٤ میلیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، کە دەبێتە ٢٠٪ لە حەشیمەتی گشتیی وڵات.

بە پێی ئەم ئامارانە، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٤ ـ ٨٧، لانیکەم ٣ میلیۆن کەس چوونەتە ژێر هێڵی هەژاری.

گۆڤاری ئابووریی "شونیکس" ئاستی ئاوسانی رەسمی لە ١٨٠ وڵاتی دنیا لە ساڵی ٢٠٠٧ی بڵاو کردۆتەوە. بە پێی ئەو ئامارانە، وڵاتی وێنزۆئێلا بە نرخی رەسمی ئاوسانی ١٨٪ و کۆماری ئیسلامی بە نرخی ئاوسانی ١٩٪ی لە روتبەی ١٧٥ و ١٧٦ دان و تەنیا چوار وڵاتی ئێریترە، گینە، میانمارو زیمبابوە کە تووشی قەیران بوون، نرخی ئاوسانیان لە ئێران زیاترە.

بێجگە لەوە کە ئەو ئامارانە جێگای بڕوا نین، چونکە لە لایەن ناوەند یان کاربەدەستانی رەسمیی وڵاتەوە راگەیەندراون، شارەزایانی ئابووری لەو باوەڕەدان کە ئاماری راستەقینە لە ئێران زۆر لەو رادەیە زیاترە.

هەڵدانی واقعی ئابووری "رشد واقعی اقتصادی" لە سەرمایەدانانەوە سەرچاوە دەگرێ، لە حاڵێکدا بە پێی ئامارێك کە لە لایەن بانکی ناوەندییەوە بڵاو کراوەتەوە، نرخی هەڵدانی سەرمایەدانانی ناخالیس لە ١٤٪ لە ساڵی ١٣٨٠ گەیشتۆتە نێزیك بە سفر لە ساڵی ١٣٨٦دا.

بە لەبەرچاوگرتنی وەستانی هەڵدانی سەرمایەدانان، چۆن دەکرێ لەگەڵ بێکاری بەربەرەکانێ بکەی. قووڵایی ئەم تراژیدیایە کاتێك روونتر خۆی دەنوێنێ کە لە بیرمان نەچێ ٨٠٪ی داهاتی ئەرزیی ئێران و ٦٠٪ی بوودجەکەی لە داهاتی نەوت دەست دەکەوێ و، ئەگەر سەیرێکی قیمەتی نەوت بکەین لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا قیمەتی نەوت زیاتر لە ٣ قات چۆتە سەرێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هەموو داهاتانە، خەڵك رۆژبەڕۆژ زیاتر برسی و بێکار دەبێ و، حەشیمەتی زیاتر دەکەونە ژێر هێڵی هەژاری.

لێکۆڵینەوەیەکی دیکە باس لەوە دەکا کە پێکهاتەی ئابووریی ئێران، پێکهاتەیەکی نەوتییە. بوونی دامەزراوە هاوتەریبەکان (نهادی موازی) و بونیادە جۆراوجۆرەکان، فەزای ئابووریی وڵاتیان ناڕوون کردوە.

ـ ئەم بونیادانە نیزیك بە نیوەی بەرهەمی ناخالیسی نەتەوەیی (ملی)یان لەبەردەست دایەو، تا ئێستا لە دانیماڵیات چاوپۆشییان لێ کراوەو زۆربەیان سەر بە سوپای پاسداران یان ئاخوندە دەستڕۆیشتووەکانن.

ـ لە ساڵی ١٣٨٧دا ٢ میلیاردو ٦٤٣ میلیۆن دۆلار سەرمایە لە ئێران چۆتە دەرێ، ٢٠٠ شیرکەت بەهۆی ئێرانییەکانەوە لە دوبەی سەبت کراون.

ـ لە بەندەرەکانی ئێراندا ١٦٠ ئێسکلە هەیە کە هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەرەوە نیە. گومرگی مێهرئابادی ٥ لە کۆنترۆڵی بەرپرسانی ئەو فرۆکەخانەیەدا نیە، بایی ساڵانەی قاچاخی شتومەك لە ئێراندا لە نێوان یەك میلیاردو ٦٠٠ میلیۆن دۆلار تا ٧ میلیارد راگەیەندراوە، کە زۆربەی لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای پاسداران دایە.

تا رێژیمی کۆماری ئیسلامیو باندە جۆراوجۆرە ئابووریو تالانچییەکان لەسەر کار بنو دەستیان بەسەر ئابووریی ئێراندا گرتبێ، قەیرانەکان زیاترو زیاتر دەبنو خەڵکی ئێران هەژارترو کێشەکان زیاتر قووڵ دەبنەوە.

## ج ـ پەرەگرتنی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان

لە وەزعێکی ئابووریی ئەوتۆدا کە پێشتر ئیشارەی پێ کرا، چوونەسەری رۆژبەرۆژی ئاستی بێکاری، شتێکی چاوەڕوان کراوە. ناوەندی ئاماری ئابووریی ئەمریکا، رادەی بێکاری لە ئێراندا ١١٪ باس دەکا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە ئێراندا کاریشیان هەیە، رادەی داهاتەکەیان ئەوەندە نزمە کە وەڵامدەری پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان نیە، دەکرێ بێنینە بەرچاومان کە حاڵو گوزەرانی ئەو حەشیمەتە بێکارە چەندە سەختو تاقەت پڕووکێنە. بەڵام بێگومان ئاستی بێکاری هەر بەوەندەی کە هەیە راناوەستێو پێ بە پێی چوونەسەری ئاوسانی دراو، داخرانی کارخانەکان، وەزعی خراپی جووتیاران بەتایبەت لەم وشکەساڵییەداو، بەگشتی ئاڵۆزتربوونی وەزعی ئابووریی ئێران، روو لە پەرەگرتن دەکا.

دەردی سەرباری ئەو دەردانەش کە خەڵکی ئێران دوچاری بووە، رووله زیادبوونی رادەی موعتادەکانە، کە پڕئێشوئازارترین دەردی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی خەڵکی ئێرانەو لە دیارییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. فەزای حاکم بەسەر خەڵکی ئێراندا بەهۆی گرانی، بێکاری، ناهومێدی بە داهاتوو، نەبوونی سەرگەرمیی سالمو لەوەش زیاتر ئامادەکاریو ئاسانکاریی رێژیم لە بڵاوبوونەوەی ئەم مادده ماڵوێرانکەرەدا، رادەی موعتادەکان بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە زیادبوون دەکا.

زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، قوتابخانە ناوەندیو تەنانەت هێندێك لە سەرەتاییەکان، مەکۆی دوچاربوونی لاوەکان بەو ماددانەن. بۆیە ئێستا یەکێك لە گەورەترین نیگەرانیو دڵەڕاوکێی بنەماڵەکان ئەوەیە کە چۆن منداڵەکانیان لە دوچاربوون بەو بەڵایە بپارێزن، یان ئەگەر کەس یان کەسانێك لە بنەماڵەکانیاندا دوچاری ئەم دەردە بوون، چۆن رزگاریان بکەن.

هەمووی ئەم وەزعەش دەستیان داوەتە یەکو فەزایەکی ئالوودەیان پێك هێناوە بۆ پەرەگرتنی لەشفرۆشی، هەڵوەشانەوەی بنەماڵەکانو دەیان دەردی بێدەرمانی دیکە. دیارە رێژیمیش هەروەك لە رابردوودا نەیتوانیوەو زۆرجاریش نەیویستوە بەرگری لە پەرەگرتنی ئەم دیاردە دزێوانە بکا، لە داهاتووشدا ناتوانێو بەداخەوە دەبێ چاوەڕوانی پەرەگرتنی زیاتری ئەو دیاردانە بین. چونکە دەسەڵاتدارانی رێژیم بێجگە لەوەی کە تەنیا لە فکری خۆیاندانو ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە سەلامەتی کۆمەڵگاو بەختەوەریی خەڵکە، تەنانەت ئەگەر بیشیانەوێ، بەم عەقڵییەتو ئیدئۆلۆژییە دواکەوتووانەیە ناتوانن گرفتەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن. تەنیا رێگایەك کە ئەوان بیریان لێ کردۆتەوە، سەرکوتو زەبرو زەنگ نواندن بەسەر خەڵکدایە. ئاکامی ئەم کارەش هیچ نەبووە بێجگە لە تووڕەییو بێزاریی زیاتری خەڵکی وەزاڵەهاتوو کە رۆژبەرۆژ زیاتر لە رێژیم دوور دەکەوێتەوەو لە بەرانبەریدا رادەوەستێ.

لێرەدا بۆ روونبوونەوەی زیاتر ئاماژە بە ئامارێك دەکەین کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی رێژیمەوە راگەیەندراوە. ماڵپەڕی رەسمیی مەجلیسی رێژیم لە راپۆرتێکدا رادەگەیەنێ: "بە پێی ئامارەکانی ستادی بەرگری لە مادده سڕکەرەکان کە لەبەر دەستدایە، نیزیك بە ٢٠ هەزار قوتابی کەوتوونەتە داوی ئێعتیادەوە."

سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە بە پێی ڕاگەیەندراوی ئەو ماڵپەڕە "لە کاتی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد، بوودجەی بەرگریی لە ئێعتیاد لە ٢٠ میلیارد تمەنڕا بۆتە نێزیك بە ٢ میلیارد تمەن. ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس ڕەوتی ئێعتیاد، خۆکوژی، دزی، هەڵاتن لە ماڵ، قەتڵ، شەڕو تاوانە جنسی‌یەکانی (جرائم جنسی) خستۆتە بەر لێکۆڵینەوەو ڕایگەیاندوە کە لە ئاکامی لێکۆڵینەوە لەو خەسارانەدا دەرکەوتووە کە هێندێك لەوان وەك ئێعتیاد، ڕەوتێکی بە تەواوی بەرەو هەڵکشانیان هەیە، بەشێوەیەك کە لە دەورەیەکی ٧ ساڵی‌دا، دەگاتە دوو بەرانبەر."

ناوەندی خەبەریی "ئیسنا"، ڕۆژی ٧ی نوامبری ٢٠٠٧ لە قەولی ڕەوانپزیشکی ڕێکخراوی بێهزیستیی خوراسان رادەگەیەنێ ڕادەی موعتادان لە وڵاتدا لە نێوان ٢ تا ٤ میلیۆن کەسە. ئاماری ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی بێهداشت لە ساڵی ١٣٨٠دا بوونی ٣ میلیۆنو ٧٦١ هەزار موعتاد لە وڵاتدا دەسەلمێنێ. ئەو ڕەوانپزیشکە دەڵێ ئەگەر وای دابنێین کە هەر کەسێکی موعتاد لەگەڵ ٥ کەس لە نێزیکانو ئەندامانی بنەماڵەی خۆی‌دا پێوەندیی هەبێ، ١٠ تا ٢٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئەم وڵاتە بە دەردی "ئێعتیاد"ەوە دەناڵێنن.

دوایین بابەت کە لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەدیر لە زیندانەکاندایە. سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی ئێران بەشێوەی فەرمی دانی بەوەدا ناوە کە ماددەی سڕکەر لە زیندانەکاندا بڵاو دەبێتەوەو مەسرەف دەکرێ. ئەو دەڵێ لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا ٨٠ کیلۆگرەم هیرۆئین لە زیندانەکاندا دۆزراوەتەوە.

پرسێکی گرنگو جێگای ئافەرین کە لەپێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانێ دژ بە ئێعتیاد دەبێ ئاماژەی پێ‌بکەین، ئێقدامی ژمارەیەك لە خەڵکی نیشتمانپەروەرو خێرخواز لە کوردستاندایە کە لەگەڵ ئەو هەموو بێ‌دەرەتانی‌یە دەستیان داوەتە دەستی یەکو شوێنگەلێکیان پێکهێناوە بۆ فریاکەوتنی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکانو، لەو ڕێگایەوە توانیویانە ژمارەیەکی بەرچاو لەو تووشبووانە ڕزگار بکەن. ژمارەیەك لە پسپۆڕو شارەزایانی بواری ئێعتیاد لەو شوێنانە خۆبەخشانە کار دەکەنو زەحمەت دەکێشن.

حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە ئەم کارە مرۆڤانی‌یە بێجگە لەوەی کە گیانی ژمارەیەك لە تووشبووان ڕزگار دەکا، هیوا دەبەخشێ بەو بنەماڵانەی کە جگەرگۆشەکانیان تووشی ئەم بەڵا پڕمەترسی‌یە بوون، لە هەمانکاتدا بەربەرەکانی‌یە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیم کە لە کوردستاندا بە پێی بەرنامە گەنجەکان تووش دەکاو هەر بۆیە پشتیوانییان لێدەکاو داوا دەکا کە خەڵك بەتایبەت دەوڵەمەندەکان هەرچی زیاتر لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵبگرنو بە فریای لاوەکانی وڵاتەکەیانەوە بێن.

***

سەرەڕای هەموو ئەو گرفتو قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، لەشساخیو دەروونی‌یە کە بەهۆی کردەوەو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە تووشی کۆمەڵگای ئێران بوون، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درێژە بە سیاسەتی بێدەنگو سەرکوتکردن، قبووڵنەکردنی هیچ دەنگو ڕەنگێکی جیاوازو هەوڵی فاشیستی بۆ یەکدەستکردنی کۆمەڵگا دەدا.

هەموو داواکاریی مافو ئازادی‌یەك سەرکوت دەکا، هیچ ڕەخنەو تەنانەت بۆچوونێکی ساکاری جیاوازیش قبووڵ ناکاو دوژمنی تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی گەیاندنی زانیاریی دروست بە خەڵکە. ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە لەم چوار ساڵەی دوایی‌دا بە دەیان جارو لە دەیان ڕاگەیەندراوی کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو ئازادی‌دا، وەك پێشێلکەری مافی مرۆڤو سەرکوتکەری ئازادی مەحکووم کراوەو بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد، سیمای ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو جیهان ڕوون بۆتەوە.

قەیرانە جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا، چین و توێژەکانی خەڵکی ئێرانی وەدەنگ هێناوەو خەباتی بەربڵاو بۆ گەیشتن بە مافو ئازادییەکان بەڕێوەن.

ئەمڕۆ لە هەموو گۆشەو کەناری ئێراندا، ئێمە شاهیدی دەربڕینی ناڕەزایەتیی کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، خوێندکاران و بەشێك لە کەسایەتییە ئایینییەکانین. ئێستا کەلێنی نێوان خەڵك و حکومەت زیاتر لە هەموو ساڵانی رابردوو بەرینتر بۆتەوەو بەربەرەکانێی خەڵك رادیکاڵتر بۆتەوە.

بەڵام بەداخەوە ئێستاش لەبەر ئەوەی بەربەرەکانێی خەڵك کەمتر لە ژێر رێبەرایەتیی حیزبە سیاسیو سەندیکاکان و بە شێوەی یەکگرتوو بەڕێوە دەچێ، رێژیم ئاسانترو بە نرخێکی هەرزانتر بۆ رێژیمەکەی، حەرەکەتە ئێعترازییەکان سەرکوت دەکا. هەربۆیەش لەم کاتەدا گرنگترین ئەرکی رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات ئەوەیە کە یەکگرتوویییەك لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پێك بێنن و بەم چەشنە لەسەر یەکگرتوویی ریزەکانی خەڵکی دژ بە رێژیم، شوێندانەر بن.

خاڵی گرنگی جێی سەرنج ئەوەیە کە لەبەر جۆربەجۆریی ویستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و جیاوازیی نەتەوەیی و فرەنەتەوەییبوونی کۆمەڵگا، تاکە حیزبێکی سیاسی بە هەر بیروباوەڕێکەوە، ناتوانێ هەموو ویست و داواکارییەکانی خەڵکی ئێران لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵکوو بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی مافویستانەو دێموکراسیخوازانە لە ئێران، پێویست بە رێککەوتنی هێزو حیزبەکان و پێکهاتنی بەرەی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات دەکا.

حیزبی دێموکرات لە مێژ ساڵە لەو پێوەندییەدا هەوڵی داوە، هەرچەند ئاکامی ئەو هەوڵانە زۆر کەمتر لە رادەی چاوەڕوانییەکانە، بەو حاڵەش ئێمە بێهیوا نەبووین و پێویستە لەو بوارەدا هەوڵی زیاتر بدەین. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ تا ئێستا باشترین دەسکەوتی حیزب و باقیی هێزەکانی نەتەوە چەوساوەکانی ئێرانە. ئەو کۆنگرە سەرەڕای خاڵە لاوازەکانی، تەنیا هاوبەندیی (یەکگرتنی) گشتییە کە تا ئێستا لە ئێراندا هەیە. ئەرکی حیزبی دێموکرات، پشتیوانیو بەهێزترکردنی زیاتری ئەم کۆنگرەیەیە.

## خەباتی نەتەوە ستەملێکراوەکان

لەم چەند ساڵەی دواییدا بینەری هەڵکشانی ویستی نەتەوەکان لە ئێران بۆ گەیشتن بە مافو ئازادییەکانیان بووین. لە هەموولایەکی ئەم وڵاتە، نەتەوە ماف لێ زەوتکراوەکان، خەباتی مافویستانەیان گەشەی سەندو هاوکات سەرکوت و زەبروزەنگی رژیم بۆ سەر ئەو نەوتەوانە توندتر و درندانەتر بوو. لە بەلووچستان زۆر بێبەزەییانە خەڵك دەکوژن و بە ناوی "ئەشرار"، دەیان کەسیان ئێعدام کردوە. لە تازەترین نموونەدا رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی، "یەعقووب مێهرنەهاد"یان لە بەرچاوی هەموو دنیاو سەرەڕای ناڕەزایی جیهان ئێعدام کرد.

لە ئازەربایجان هێنانە ئارای ویستە سەرەتاییەکانی نەتەوەیی لەگەڵ زیندان و ئەشکەنجە بەرەورِوو دەبێ و سووکایەتیی بە نەتەوەی تورك گەیشتە ئاستی بڵاوکراوە رەسمییەکانی حکوومەت. لەو پێوەندییەدا سووکایەتیی رۆژنامەی "ئێران" لە کاریکاتۆرێکدا ناڕەزایی بەربڵاوی تورکەکانی لێکەوتەوە. لە سەرانسەری ناوچە تورکنشینەکانی ئێراندا، تورکەکان رژانە شەقامەکان و بە دروشمەکانیان ئەو بێحورمەتییە بە خۆیان مەحکووم کرد. ئاکامی ئەم رێپێوانانە بوو بە هۆی کوژران، بریندار بوون و زیندانی کردنی سەدان کەس لە تورکە ئازەرییەکان.

رێژیم لە خووزستان و دژ بە عەرەبی ئەهوازی، هەموو شێوەکانی سیاسەتی سڕینەوەو بێدەنگ کردن بەڕێوە دەباو خۆپیشاندانی خەڵکی عەرەب دژ بە سیاسەتی قەلاچۆی بێدەنگ، بە شێوەیەکی درندانە سەرکوت کردو ئێستاشی لەگەڵ بێ چالاکان و

ڕۆژنامەنووسانی خووزستان، بە تاوانی ئەو خۆپیشاندانانە دەخاتە زیندانو ژێر ئەشکەنجەو لە دوایین کردەوەیدا "یووسێف بەنی توروف" چالاکی عەرەبی ئەهوازیی بە تۆمەتی داواکردنی خوێندن بە زمانی زگماکی ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.

تورکمەنەکان کە لە باری ئابووریـیەوە لە هەژاریدا ڕاگیراونو زۆربەیان لە باری ئایینیـیەوە لەگەڵ ئایینی ڕەسمیی ئێران جیاوازییان هەیەو لە ژێر زەبروزەنگی دوولایەنەدان. هەڵسووڕاوانی سیاسییان بە تاوانی جیاییخواز، قاچاخچیو بەکرێگیراوانی بێگانە زیندانیو ئێعدام دەکرێن.

ڕێژیم سەرەڕای حاشاکردن لە بوونی نەتەوەی جیاوازو سووکایەتی بە شوناسی ئەو نەتەوانە، بەرامبەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان درێژە بە سیاسەتی هەمیشەیی کوشتوبڕو قەڵاچۆکردنو سەرکوتی بێبەزەییانە دەدا. بە خۆشییەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە بە بەشداری چەند ڕێکخراوی سیاسیو ئەنجومەن لە نەتەوەکانی ئێران پێکهاتووە، ڕادەی ئەندامەکانی ئێستا گەیشتۆتە پازدە ڕێکخراوو ئەنجومەن. هەوڵی یەکگرتووی ئەم کۆنگرەیە پێکهێنانی ئێرانێکی فیدراڵە کە لەوێدا هەموو نەتەوەکان ئیدارەی ناوچەی خۆیان بەدەستەوە بگرنو لە ژێر زوڵمو زۆری حکوومەتەکانی ناوەندی ڕزگاریان بێ، تا ئێستا ئەم کۆنگرەیە تەنیا یەکگرتنێکی ئۆپۆزیسیۆنە کە لە ئێراندا بوونی هەیە.

لە بەرانبەر ئەم یەکگرتنەو برایەتیو هاوخەباتیی نەتەوە ستەم لێکراوەکان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە لە بەکرێگیراوانی خۆی هێندێك ڕێکخراو لەو نەتەوانە پێك بێنێ کە ئەرکی پێئەسپێردراویان بریتییە لە پێکهێنانی دووبەرەکیو دوژمنایەتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران. لەم دواییانەدا ڕێژیم تێکۆشانی خۆی لەم بوارەدا چڕتر کردۆتەوەو، بەتایبەت کار دەکا بۆ دووبەرەکی پێکهێنان لە نێوان کوردو تورکەکانی ئازەربایجان. بۆیە ئەرکی هەموو نەتەوەکانی ئێران ئەوەیە کە وریا بنو بە برایەتیو خەباتی هاوبەش ئەم پیلانانەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر بەوە نەوەستاوەو تێکۆشاوە بە شێوەیەکی نهێنیو لەسەرەخۆ پیلانی گۆڕینی دێموگرافیای ناوچەکانی غەیری فارسنشین بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان بەڕێوە بەرێ، کە دیارە ئەو پیلانەش نهێنی نەماوەتەوەو نەتەوە وشیارەکانی ئێران لێی ئاگادارنو بەپێی توانا بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە پێی سیستمە ئیدئۆلۆژیکییە چەقبەستووەکەی، توانای وەدیهێنانی هیچ داواکاریو ویستێکی کۆمەڵگای ئێرانی نیەو تا دێ ستەمو سەرکوت بەرامبەر بە خەڵکی ئێران زیادتر دەکا. سەرکوتو چەوساندنەوەو کپ کردنی دەنگی مافخوازانەی خەڵك، ڕەوتی هەمیشەیی سیاسەتی ڕێژیم بووەو لەم ساڵانەی دواییدا خێراترو دڕندانەتر بەڕێوە چووەو بەرامبەر بە ویستو داواکاریی کۆمەڵانی خەڵك، تیغی لە کالان دەرکێشاوە. لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی ڕێژیمیشدا، هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، بە هەموو چینو توێژەکانەوە، هاتوونەتە مەیدانی خەباتو مافخوازیو خەباتی چینو توێژە جیاجیاکان پەرەی گرتوە. قووڵتر بوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەرەنجامی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمو وشیار بوونەوەی زیاتری خەڵکە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هێندێك لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەکەین کە لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕەوتێکی خێراتریان وەپێش گرتوەو گۆڕەپانی خەباتیان پڕ جۆربەجۆریو پلۆڕال کردوە.

## ـ بزووتنەوەی کرێکاران

سەرەڕای پەسندکردنی یاسای دژە کرێکاری لە مەجلیسو داموو دەزگاکانی ڕژیم دا، دەستبەسەرکردنو بانگکردنی کرێکاران بۆ بێدادگاکانی ڕژیم، پەرەیان ئەستاندوە. دەستبەسەرکردنی چالاکانی کرێکاری لە هەموو شارەکانی ئێران، سەرکوتی ئەندامانی

سەندیکای ئوتوبووسڕانیی تاران، سەرکوتی بێبەزەیییانەی هەموو ناڕەزایەتییەکی کرێکارانو بەتایبەت هێرشی دڕندانە بۆ سەر کرێکارانی نارازیی نەیشەکەری هەفت تەپە، ئازارو ئەشکەنجەی چالاکانی کرێکاریو ... سیاسەتی ڕەچاوکراوی کۆماری ئیسلامی بوون.

هەمووی ئەم ستەمو زەبروزەنگەش تەنیا لە بەر داخوازی ڕەوای کرێکاران وەك زیاد کردنی مووچەی کار بە گوێرەی گرانی بازاڕ، دانی مووچەی دواکەوتوویان کە جاری وایە بۆ ماوەی ٨ مانگ نادرێو، لەکار دەرنەکرێنو بێکار نەبن. بەڵام وەزعی کرێکارانی کوردستان لەونێوەدا خراپتر لە کرێکارانی بەشەکانی دیکەیە. بە هۆی نەبوونی کار لە کوردستان خەڵکی هەژارو بێدەرەتان بۆ پەیدا کردنی کار ڕوو دەکەنە کوورەخانەکانو شوێنە دوورەدەستەکان. لەو شوێنانەش بە مووچەی کەمتر لە کرێکارانی خۆجێی دەیانچەوسێننەوەو هیچ ئۆرگانێکیش بەرگری لە مافە زەوت کراوەکانیان لە بەرانبەر خاوەن کاردا ناکا. بەشێکی زۆر لەو کرێکارانە ساڵانە بەهۆی نەبوونی ئاسایشی کار، یان بە هۆی هەلومەرجی دژواری کار، نەخۆشو کەمئەندام دەبن یان دەکوژرێن. بەشێکی دیکەش کە لەبەر ناعیلاجی ڕوو دەکەنە کاری تاقەتپڕووکێنی کۆڵبەری لە ناوچە سنوورییەکان، ڕۆژانە دەکەونە بەر دەسڕێژی بەکرێگیراوانی ڕێژیمو گیانیان لەدەست دەدەن.

کۆماری ئیسلامی ڕێگەی بە کرێکاران نەداوە کە ڕێکخراوی کرێکاریی سەربەخۆ پێك بێننو ویست و داواکارییەکیان وەڵام نەدراوەتەوە.

## ـ بزووتنەوەی ژنان

لەم چەند ساڵەی دواییدا بزووتنەوەی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان گۆڕوتینێکی زۆری بەخۆوە بینیو سەرەڕای سەرکوت و داپڵۆسینەکانی ڕژیم، ئەم بزووتنەوە کۆڵی نەداوە. ڕژیم بە دەرکردنی یاسای دواکەوتوانەی دژ بە ژنانو هێنانە ئارای پلانی بەناو ئەمنییەتیو کۆمەڵایەتیی جۆربەجۆر، گوشاری سەر ژنانی زیاتر کردوەو لە بەرامبەردا ژنانی یەکسانیخوازیش بە کۆبوونەوەو دەربڕینی ناڕەزایەتییکانو خۆپیشاندانو وەڕێخستنی کەمپەین بۆ لابردنی هەڵاواردنو ستەم خەباتیان کردوە.

سەرەڕای سیاستەکانی دەسەڵات، ژنان لە ئێران بە دەست کەلتوورە دواکەتوانەکانی کۆمەڵگاشەوە دەناڵێنن.

خاڵی جێگای سرنج لە چالاکیی ژنان لە ئێران، ڕۆڵی بەرچاوو پێشەنگیی ژنانی کورد لەو خەباتە مافخوازنەدایە. لە پێناو ئەم خەباتەی کە ژنانی کورد لە کوردستان دەیبەنە پێش، ژمارەیەکی بەرچاویان تا ئێستا زیندانی کراون. بەڵام هەمووی ئەوانە نەیانتوانیوە ورەی بەرزی ژنانی وشیاری کوردستان دابەزێنن.

## ـ بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە

توێژی زەحمەتکێشی مامۆستایانی قوتابخانە لە ئێران، تووشی وەپەراوێزخران و ئاوەڕنەدانەوە لە ویستەکانیان بوونو چالاکیی هێمنانەی ئەم توێژە بەتایبەت کۆبوونەوەی هێمنانەیان لە ٢٣ی ڕەشەممەی ١٣٨٥ لە بەردەم مەجلیسی ڕێژیم بەرەورووی خراپترین سەرکوتو لێدان بۆتەوەو جگە لە سووکایەتی پێکردنو دەسبەسەرکردنی چالاکانی ئەو بەشە، وەڵامێکی دیکە بە ویستەکانیان نەدراوەتەوە. لەم بوارەشدا دەوری مامۆستایانی کورد لە کوردستان بەرچاوە. هەر ئێستا ژمارەیەك لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان لە زینداندانو سزای قورسیان بۆ دیاری کراوە.

## ـ بزووتنەوەی خوێندکاران

ڕێژیم وەك هەمیشە زانستگاو خوێندکاری ڕەخنەگری پێ قبوول ناکرێ‌و بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد، هەوڵی سەپاندنی زەختی نیزامی ـ ئیدئۆلۆژیکی لە زانستگاکاندا زیاتر بووە، مامۆستایانی جودابیر وەدەر نراون‌و پرۆژەی ئیسلامی‌کردنی زانستگا درێژەی پێ دەدرێ. هەڵسوکەوتی دڕندانەو سەرکوتکەرانە بەرامبەر بە چالاکانی خوێندکاری لە ئێراندا توندتر بۆتەوەو بە دەیان خوێندکار تووشی دەرکردن لە زانستگا، گرتن، ئەشکەنجەو زیندانی درێژماوە بوون. بزووتنەوەی خوێندکاری بە جیاکردنەوەی ڕێگای خۆی لە قۆڵەکانی نێو حاکمیەت، ڕەوتی دێموکراسیخوازی و ڕەخنەی رادیکاڵی گرتۆتە پێش.

***

لە سەرتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم، بەتایبەت لەم ٣ ـ ٤ ساڵەی دواییدا، داخستنی ڕۆژنامە جیابیرەکان، فیلتەرکردنی سایتەکان‌و کاناڵە ماهوارەیی‌یەکان، محاکمە کردنی ڕۆژنامەنووسەکانی ناحکوومی‌و سەپاندنی سزای قورس بەسەر ئەواندا، لە دیاردە بەرچاوەکانی نەبوونی ئازادیی رادەربڕین لە ئێران بوون.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە چۆکدا نەهاتوون‌و ئەوانیش ئازایانەترو لێبڕاوانەتر لە پێشوو بە گژ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا هاتوونەتەوە. بەگژداهاتنەوەی خەڵك‌و سەرەدانەنواندنیان، دژکردەوەی توندوتیژیی بەدواوە بووە، بۆیە دەبینین لەو ساڵانەدا رادەی ئێعدام تەنانەت ئێعدامی مێرمندالان روو لە زیاد بوونە.

لەو ناوەدا، وەزعی منداڵ‌و مێرمندالان لەوپەڕی خراپی‌دایە. بێجگە لەوەی کە لەبەر زۆر بوونی ژمارەی ئەو توێژەو کەم بوونی رادەی قوتابخانەکانی پێویست‌و، هەروەها بەهۆی دابین نەبوونی خەرجی خوێندنی مندالان لە بنەماڵە هەژارەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لەوان ساڵانە لە دەرس خوێندن‌و قوتابخانە دوور دەکەونەوەو تووشی چەندەها گرفتی کۆمەڵایەتی دەبن. ئەوانەش کە لە قوتابخانەکاندان، بیرو زەینیان بە کلتووری دواکەوتووانە، توندوتیژی، ئیدئۆلۆژی ئایینی ڕێژیم دەئاخێندرێن. نموونەی بەرچاوی ئەم شێوە پەروەردەیە بەسیجە کە فێر دەکرێن لە سەر هاوکلاس‌و تەنانەت دایك‌و باب‌و دانیشتوانی گەڕەکەکانیشیان خەبەر بێننەوە. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم گەورەترین زەربەیە لە سایکۆلۆژی ئەم مندالانە کە لە داهاتوودا دەبنە بەڕێوەبەری ولآت‌و بنەماڵەو، لە ئاکامدا ئەم کلتووره دژی مرۆڤانی‌یەی کە تێیدا پەروەردە بوون، دەگوێزنەوە بۆ نەسڵەکانی داهاتوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانیی خۆی لە خەبات‌و چالاکیی مافویستانەی نەتەوە ستەملێکراوەکان، کرێکاران، ژنان، خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و بەگشتی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەردەبڕێ‌و بڕوای وایە کە قووڵتربوونەوەی خەباتی نەتەوەکان‌و چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هیچ وەڵامێکی سەردەمیانەی بۆ ویستەکانی ئەو بزووتنەوەگەلە پێ نیە، بەرەو دارمان‌و هەرەسهێنان دەباو ئەو بزاڤانە، هۆی قووڵبوونەوەی دێمۆکراسی‌و گەرەنتیی سەقامگیریی سیستمی دێموکراتیك و دادپەروەرانەی داهاتوون.

## د ـ سیاسەتی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی

یەکێك لە بنەماکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای هاتنە سەر حوکمی ئەو ڕێژیمە، ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە بوو. دیارە ئاکامی ئەم سیاسەتەش یارمەتیدانو بەهێزکردنی تاقمو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ولاتانی دیکەو پێکهێنانی ئەم چەشنە گرووپانە بەتایبەت لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بووە بەمەبەستی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی. مەبەست لەو کارەش بێهێزکردنی حکوومەتەکانی ناوچەو پێکهێنانی حکوومەتو دەسەلات لە چەشنی دەسەلاتی خۆیان بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئەو ئامانجەدا لە بواری مالی، لۆجستیکی، چەكو پەروەردەکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری تەقینەوەو تیرۆر لە هیچ چەشنە یارمەتییەکی ئەو گرووپانە کۆتایی نەکردوە. هەرچەند ئەو ڕێژیمە لە سەرەتاوە لە ڕاگەیاندنی ئەم دروشمە بە ئاشکرا باکی نەبووەو ئەو ئەرکەی وەکوو ئەرکێکی ئیسلامی خۆی زانیوەو شانازیی پێوە کردوە، بەلام حکوومەتەکانی ئورووپاو بە تایبەت ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ئەم پرسەیان بە هێند نەگرت تا ئەو کاتەی کە مەترسییەکانی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە بەڕۆکی یەك یەکی ئەوانی گرتەوە.

ئاکامی ئەم سیاسەتە بۆ خەلکی ئێرانیش، هەزینەیەکی زۆری بووە کە قورسایی خستۆتە سەرشانی ئەوان. یارمەتیدان بە گرووپە تیرۆریستییەکان لە گۆشەو کەناری جیهان، گرتنەبەری پرۆژەی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، دەستێوەردانی ئاژاوەگێڕانە لە پرسە ناوچەییەکان، سزای زۆری بۆ ئێران بەدواوە بووەو ئەم سزایانە، یەکێك لە هۆیەکانی هەژاریو برسیەتیی خەلکی ئێرانە.

لەبەر ئەوەی ڕێژیم دژی بڕیارو پەیماننامەکانی کۆمەلگای نێونەتەوەییەو تەنیا باس لە بایەخە ئیسلامییەکانی شێوەی خۆی لە جیهاندا دەکا، لە دنیادا وەك ولاتێکی سەرەڕۆ لە ئوسوولو پرنسیپە نێونەتەوەییەکان ناسراوە. درێژەی ئەم سیاسەتە بەتایبەت لەم ٢ ـ ٣ سالەی دواییدا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران بەرەو لێواری شەڕێکی پڕمەترسی بکێشرێ کە ئاکامەکەی بۆ کەس پێشبینی ناکرێ.

لە پێوەندی لەگەل سیاسەتە نێونەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕادەگەیەنین کە ئەو سیاسەتە لە دژایەتیی تەواو دایە لەگەل ویستو ئاواتەکانی خەلکی کورد لە کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستان. بۆیە ئێمە:

ـ پشتیوانی لە ئاشتی لە ناوچەو چارەسەری ئالۆزییەکان لە ڕێگای دیالۆگەوە دەکەین

ـ دژی پەرەگرتنی چەکی ناوکی لە جیهانو ناوچەداین

ـ بە پێچەوانەی دروشمەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە نیازی دەستڕاگەیشتن بە وزەی ناوکییە بە مەبەستی وەدەستخستنی چەکی ناوکیو دەیەوێ ئەوە بکاتە ویستێکی نەتەوەیی خەلکی ئێران، ئێمە ڕادەگەیەنین کە خەلکی پێویستییان بە کار، نان، ئازادی، دێموکراسیو مافی نەتەوایەتیی خۆیان هەیە.

حیزبی دێموکرات بە گوێرەی توانای خۆی لەسەر ئەم سیاسەتانە کە جێگای پەسندی گەلی کوردو بگرە هەموو نەتەوەکانی ئێرانە، پێ دادەگرێ، تەبلیغی دەکاو لە پشتی ڕادەوەستێ.

## کوردستانی ئێران

کوردستانی ئێران چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستانو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەخۆ دەگرێ. حەشیمەتی ئەم چوار پارێزگایە، بە پێی ئەو سەرژمێرییەی لە لایەن ڕێژیمەوە ساڵی ٢٠٠٠ کراوە، ٧٨٥١٠٠٠ کەسە کە نێزیک بە ١١/٥٪ی حەشیمەتی تەواوی ئێرانە. بەرینایی کوردستان ١٠٦٥٧٧ کیلۆمێتری چوارگۆشەیەو یەك لە پازدەی خاکی تەواوی ئێرانە، (شەهید دوکتور قاسملوو لە کتێبی کوردستانو کورددا پێوانەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بە ١٢٤٩٥٠ کیلۆمێتری چوارگۆشە بەراورد دەکا).

هەمووی ئەو وەزعە نالەبارەی کە لە باری ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە بەسەر ئێراندا زاڵەو پێشتر باسیان کرا، بە چەند قات بەسەر کوردستانیشدا زاڵە.

کوردستان لە باری ئابوورییەوە یەکێك لە دواکەوتووترین بەشەکانی ئێرانە. کارخانەو کارگایەکی ئەوتۆی تێدا نیە کە لانیکەم بەشێك لە پێداویستییەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم بێنێو لە هەمان حاڵدا ببێتە شوێنی کارکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکاران. ڕوانینی ڕێژیم بۆ کوردستان، ڕوانینێکی ئەمنییەتییەو بۆیە سەرمایەدارەکانی ئێران ناوێرن لە کوردستان سەرمایەیان وەگەڕ بخەن. تەنانەت بەشێك لە سەرچاوە ژێرزەوییەکان کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە وەك کانگای بەردو زێڕ، لە کوردستان بار دەکرێنو لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان بە تێچوویەکی زۆرەوە ئامادە دەکرێنو دەنێردرێنە بازاڕەکانی نێوخۆو دەرەوەی وڵات.

زۆربەی ئاوی بەنداوەکانی کوردستان، دەگوێزرێنەوە دەرەوەی کوردستانو بەم هۆیەوە بەهرەیەکی ئەوتۆیان بۆ کوردستان نیە. ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی ڕێژیم لەگەڵ کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرمایەدارەکانی کوردیش سەرمایەکانی خۆیان لە کوردستان وەگەڕ نەخەنو، ئەگەر بیانەوێ ئەو کارە بکەن، لەگەڵ کۆسپو تەگەرەی جۆراوجۆر لە لایەن ڕێژیمەوە بەرەوڕوو دەبن. زەرەرو ئاکامە نالەبارەکانی ئەم سیاسەتگوزاریە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانیش ڕوونو ئاشکرایە، بەڵام بۆ ئەوەی کوردستان لە دواکەوتوویيدا بمێنێتەوە، ئامادەی قبووڵکردنی ئەو زەرەرو زیانانەشن.

سەرۆکی "ستاد توسعەی پایدار"ی شاری تاران، دەڵێ: "بە پێی ئاخر سەرژمێریی وڵات لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٨١دا ٥٤٢٣٦٠ یەکەی پیشەسازی لە پارێزگای تاران ناسراوە، کە ٣٦٠ هەزاری لە مەحدوودەی شاری تاران هەڵکەوتووە. کەڵەکەبوونی یەکە پیشەسازییەکان لە پارێزگای تاران لە هەر کیلۆمیتری چوارگۆشە ٤٧٠ یەکەیە، لە حاڵێکدا کە لە باقیی پارێزگاکان ١٧ یەکە لە هەر کیلۆمیتر دایە."

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "ئەو ئامارە نیشان دەدا کە هۆی بنەڕەتیی گرفتەکان، نەبوونی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی وڵاتە... ."

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو ڕاستییە بکەینەوە کە لە پارێزگای کوردستانو باقیی پارێزگاکان کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە، نەك هەر ١٧ یەکەی سەنعەتی لە کیلۆمیترێکی چوارگۆشەدا نیە، بەڵکوو زۆر لەوە کەمتریش بوونی نیە.

لە "هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتنی پارێزگاکانی وڵات کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٨٢ ـ ١٣٦٥" کراوەو، لە یەکەم "کۆنگرەی ناوچەیی ڕێگاکانی پێشکەوتنی ئابووریی پارێزگای کوردستان" کە لە ڕۆژانی ١٧و ١٨ی ڕەزبەری ١٣٨٤ لە دانشگای ئازادی ئیسلامیی سنە بەڕێوە چوو، خراونەتە بەرباسو لێکۆڵینەوە.

"ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەریدەخا پارێزگاکانی بەهرەمەندی وڵات وەکوو سمنان، تاران، یەزد، ئیسفەهانو... وەکوو پارێزگاکانی پێشکەوتوو و، پارێزگاکانی وەك کوردستان، سیستانو بەلووچستان، کرماشان، ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئیلامو... وەك پێشنەکەوتوو لە تەواوی برگە ئامارییەکانی ژێر لێکۆڵینەوەدا، لە جیگای خۆیان (پێشنەکەوتوو) ماونەتەوە. سەرنجراکێش ئەوەیە کە ٤ پارێزگا کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە لەو ئاستەدان."

بێگومان ئاستی نزمی پێشکەوتوویی پارێزگاکانی کوردستان، لە ساڵی ٨٢ڕا تا ئێستا ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیان لەو بارەوە بەسەردا هاتبێ، ئاڵوگۆڕ بەرەو دواوە بووە نەك بەرەو پێشەوە.

ئەم جیاوازییە ئابوورییەی کە بەسەر کوردستاندا سەپاوە، هاوکات لەگەڵ سەرکوتو زەبرو زەنگی بێوچانو نەبڕاوەی سەر خەڵك بەتایبەت خوێندکاران، ژنان، کرێکاران، مامۆستایانو رۆژنامەنووسان، ژیانی خەڵکی بە شێوەیەکی ترسناك سەختو دژوار کردوە.

کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆیو بەتایبەت لە ماوەی ٣ ـ ٤ ساڵی دواییدا جینایەتەکانی خۆی بەرانبەر خەڵکی کوردستان درێژە پێ داوە.

بە پێی ئامارێك کە لە سەرچاوەکانی "کوردستان میدیا"، "چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران"و "ئاژانسی هەواڵی موکریان" کۆ کراونەتەوە، لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨دا، لانیکەم ١١٣ کەس گیراون، زیاتر لە ٢٥ کەس کوژراون، ١٤ کەس بریندار کراون، ١٧ خوێندکار دەستبەسەر کراون، ٦٨ چالاکی مافی مرۆڤو NGOکان حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاوە کە ماوەی زیندانیەکانیان لە نێوان ساڵێك تا ئەبەدە، ٤ چالاکی سیاسی دوور خراونەتەوە، ١٢ کەس بە شێلاقکاری لەبەر چاوی خەڵك سزا دراون، ١١ کەس بەهۆی مینە چێندراوەکانی رێژیمەوە گیانیان لە دەست داوە.

تەنانەت منداڵانو مێرمنداڵانایش لەو توندوتیژییە بێبەش نەبوونو بە پێی راپۆرتەکان لەو ماوەیەدا، ٤ منداڵ کوژراون کە یەك لەوان ٨ ساڵ تەمەنی هەبووە، ٣ منداڵی دیکە بریندار کراون کە یەکێکیان ٩ ساڵان بووەو دوو کەسیش کە یەکیان ١٢و ئەوی دیکەیان ١٤ ساڵان بووە، گیراون.

ماڵپەڕی "ایران پرس نیوز" دەنووسێ کە تەنیا لە پارێزگای کوردستان ١٨١٢٥٠ نەفەر نیروی ئینتیزامی، نیزامیو ئیتیلاعاتی تێکۆشانیان هەیە، یانی لە بەرانبەر ٨ کەس لە خەڵکی ئەو پارێزگایە ١ نەفەر هێزی سەرکوتکەر خەریکی کارو چالاکییە.

هۆی بنەڕەتیی ئەم هەموو ستەمە ئاشکرایەی کە رێژیم بەسەر خەڵکی کوردیدا سەپاندوە، بە بۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ وشیاریی خەڵكو مل دانەنواندن بۆ ویستی رێژیم.

سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوتو تەبلیغو پیلانانەی کە رێژیم لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا، دژی خەڵکی کورد بەکاری هێناوە، نەك هەر نەیتوانیوە سرنجی خەڵك بۆلای خۆی رابکێشێو پردێکی بڕوا بە یەکتربوون لە نێوان خۆیو خەڵکدا دروست بکا، راست بە پێچەوانە ئەگەر لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتی رێژیمدا، ژمارەیەك لە کوردەکان بەهۆی جۆراوجۆرو بەتایبەتی نەناسینی ناوەرۆکی راستەقینەی ئەو رێژیمە لە دەوری هالابوون، بە ناسینی رێژیمو ئامانجە دژی کوردییەکانی لێی دوور کەوتنەوە.

حیزبە سیاسییەکانی کورد سەرەڕای پیلانەکانی رێژیم، هەر یەکەی بە گوێرەی توانای خۆی لە نێو خەڵکدا حوزووریان بووەو بە شێوەی نهێنی توانیویانە خەڵکەکە ئۆرگانیزە بکەنو ورەیان بەرز رابگرن. بە شێوەیەك کە دەتوانین بڵێین کوردەکان خاوەنی زۆرترین وشیاریی نەتەوەییو رێکخراوترین خەڵکی ئێرانن. بەرچاوترین بەربەرەکانێی گشتی دژی رێژیم لە ماوەی ٤ ـ ٥ ساڵی رابردوودا لە کوردستان رووی داوەو خەڵك ئامادە بوون بایی ئەو بەربەرەکانێیانە بە تەحەمولی زیندان، ئەشکەنجە، جەریمەو تەنانەت ئێعدامیش

بدەن. خوێندکارانی کورد نەك هەر لە کوردستاندا دانیشگاکانیان کردۆتە مەکۆی دەربڕینی ناڕەزایەتی بە دژی ڕێژیم، بەڵکوو لە باقیی دانشگاکانیشدا ئاڵاهەڵگرو پێشڕەوی خەباتی دێموکراسیخوازیو نەتەوەیی بوونو، ورەیان بە باقیی خوێندکارەکان داوە.

ژنانی پێشکەوتنخوازی کورد لە بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمو بەدەستهێنانی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگادا رچەشکێن بوونو بە دەیان کەسیان لەو پێناوەدا زیندانیو بە شێوەیەکی وەحشیانە ئەشکەنجە کراون. لاوەکانی کورد درەوشاوەترین دەوریان نواندوە لە بەربەرەکانێ دژی رێژیمی ملهۆڕی سەدەکانی نێوەڕاست. ئەوان لە خەباتی چەکداریڕا بیگرە هەتا خەباتی مەدەنی، لە هیچ مەترسییەك سڵیان نەکردۆتەوەو هەمیشە لە ریزی پێشەوەدا بوون.

مامۆستایانی قوتابخانە، کرێکاران، بازاڕیانو باقیی چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریش لەم ساڵانەی دواییدا، ماندوو نەناسانەو نەترسانە لە مەیدانی بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمدا ئامادە بوون.

ڕۆژنامەنووسانو رووناکبیرانی دەروەست (متعهد) ئامادە بوون بچنە زیندان، بەڵام لە دەربڕینی دەنگی حەق وێژی خەڵکە ستەمدیدەکەیان ساتێك دوچاری گومانو دوو دڵی نەبوون.

هونەرمەندو ئەدیبو نووسەرانی کورد سەرەڕای ئەوە زمانی زگماکیان لێ قەدەغە کراوە، هونەر لەو وڵاتەدا وەك یەکێك لە بێبایەخترین شتەکان سەیری دەکرێو سەرکوت دەکرێ، بەو حاڵەش ئەم توێژە ملیان بۆ ویستی رێژیم رانەکێشاوە. لە تەواوی ئەو ماوەیە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، بە کاری نەپساوە پەرەیان بە زمان، ئەدەبو کلتوور داوەو لە ئاستی ئێرانو تەنانەت دنیادا هونەرو ئەدەبی سەرکوتکراوو لە سێدارەدراوی کوردستانیان بە دنیا نیشان داوە. ئەوان بەم زەحمەتو تێکۆشانە بە دنیایان نیشان داوە کە خەڵکی ئێرانو بەتایبەت گەلی کورد جیاواز لە رێژیمی دواکەوتوو و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هۆگری پێکەوەژیانی بە ئاشتی، پێشکەوتنو دێموکراسین.

لەو بوارەدا زۆرن ژمارەی ئەو هونەرمەندو نووسەرانەی کورد کە لە ئاستی جیهاندا ناسراونو خەڵات کراون.

ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی لە ژێر هەموو زەختو بێحورمەتییەکانی رێژیم، لایەنی کوردایەتیو نیشتمانپەروەرییان بەر نەداوەو نەبوونەتە بڵیندگۆی تەبلیغی سیاسەتە چەوتو دژی گەلییەکانی رێژیم.

ئەوەی روونە، کەشێکی ئەوتۆلە کوردستان دا، دڵخوازی رێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی نیە، گۆمی مەنگی ئارامی لێ دەشڵەقێنێو رووی راستەقینەی بە دنیا نیشان دەدا.

مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی، ئازادیو یەکسانی کە زیاتر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران ویستو داخوازیی نەتەوەی کوردەو لە پێناوی وەدەستهێنانیاندا لە هیچ مەترسییەك سڵ ناکاتەوە، لە قامووسی رێژیمدا جێگایەکیان نیە، هەربۆیە رێژیم تێکۆشەرانی کورد بە شێواندنی رای گشتی، شەڕ لە گەڵ خوداو دژی شۆڕش دەناسێو حیزبە سیاسییەکانمانو بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە "تجزیەطلب"و بەستراوە بە ئەمریکا، ئیسرائیلو سەردەمانێك بە شورەوی ناساندوەو بەم پێیە قورسترین سزای بۆ هەڵسووڕاوانی ئەم حیزبانە دیاری کردوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگا زیندوو و پێشکەوتنخوازەیە، شانازی بە قارەمانەتی، لەخۆبردوویی و بوێریی هەموو چینو توێژە جیاجیاکانی خەڵکی وشیاری کوردستان دەکاو، ئامادەیە لە پێناو گەشەکردنو بە جەماوەریکردنی هەرچی زیاتری خەباتی رۆڵە بە ئەمەگەکانی گەل، زیاتر لە رابردوو تێبکۆشێو بە پشتیوانیو ئیرادەی لەبڕان نەهاتووی گەلی کوردو باقیی گەلانی ستەملێکراوی ئەم وڵاتە، زەمینەی داهاتوویەکی گەشترو ژیانێکی سەردەمیانەتر بۆ مرۆڤ لە ئێرانو کوردستاندا بڕەخسێنێ.

# حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران

**هاورێیانی بەڕێز!**

ئێستا كه له "كۆنگرەی چواردەیەم، كۆنگرەی گەشەكردنو به جەماوەریتركردنی خەبات" ئامادەین، له حەوتووەكانی سەرەتای دەستپێكردنی شەستو چوارەمین ساڵی خەباتی بێوچانی حیزبە خۆشەویستەكەمانین. ٦٣ ساڵ تێكۆشان له پێناوی ئازادیو رزگاریی گەلێكی ستەملێكراو كه بەرهەمی كارو تێكۆشانی سەدان هەزار كادر، پێشمەرگەو ئەندام، به نرخی زیندانی، ئەشكەنجەو شەهیدبوونی دەیان هەزار كەس، مێژووی خەباتێكی نەپساوەی خوێناویی پڕ له ئەزموونە كه نەك هەر له ئێراندا، بەڵكوو له ناوچەدا كەم وێنەیە. حیزبی دێموكرات به درێژایی ئەم تەمەنە سەختو دژوارە، رێبەرانی لەگەڵ كادرو پێشمەرگەكانی، له ژیانی شاخ، زیندانو قوربانیداندا شانبەشانی یەك چوونەتە پێش. رادەی شەهیدبوونی رێبەرانی له مەیدانی خەباتو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنانی گەلو ئازادی، باشترین شاهیدی ئەو راستییەن.

حیزبەكەمان، بەو مێژووە خوێناویو پڕلە شانازییە، ئێستاش گرنگترینو شوێندانەرترین حیزبی كوردستانی ئێران له نێوخۆو دەرەوە دایە، بەشێك له هۆیەكانی ئەم وەزعییەتەش دەگەڕێنەوە بۆ:

### ئا- پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب

سەربەخۆیی سیاسی به مانای بڕیاردان له چوارچێوەی قازانجو بەرژەوەندییەكانی نەتەوەیی، به تایبەت نەتەوەی كورد له كوردستانی ئێرانداو به پێی لێكدانەوەی خودی حیزب، نەك قازانجو ویستی گرووپ یان لایەنێكی دیكە. ئەم سیاسەتە زۆر جاری واش بووە كه له كورتخایەندا تەنگوچەڵەمەی بۆ حیزب دروست كردوە، بەڵام له درێژخایەندا قازانجی حیزبو گەلی لێ كەوتۆتەوە.

### ب ـ واقیع بینی

حیزبی دێموكرات له برگە جیاجیاكانی ساڵانی خەباتو هەلومەرجە سەختو دژوارەكان، یان رۆژانی سەركەوتنو زێڕینی خەباتدا نە به چۆكدا هاتووەو نە لەخۆبایی بووەو دواڕۆژی فەرامۆش نەكردوە، بۆیە دوچاری خۆشخەیاڵی یان داماوی نەبووە. له رۆژانی پرشنگداری كۆمارو سەرەتاكانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران كه بەشێكی بەرچاو له خاكی كوردستان له ژێر دەسەڵاتی ئەو حیزبەدا بووە، دوچاری بەرزەفڕی نەبووەو، لەو رۆژە سەختو دژوارانەشدا كه رێبەرە خۆشەویستو بژاردەكانی بەدەستی غەدرو خەیانەتی حكوومەت شەهید كراون، پشتی نەچەماوەتەوەو ورەی بەر نەداوەو له رێڕەوی راستی خەبات لای نەداوە.

دروشمە بریقەدارو رادیكاڵەكانی لایەنە جیاجیاكانی بزووتنەوەی كوردو سەرانسەری، پێدا هەڵگوتنو چەپڵە لێدانەكان یان رەخنە وێرانكەرەكان، هیچكام نەیانتوانیوە حیزب له بەڕێوەبردنی سیاسەتەكانیدا به لاڕێدا بەرن.

### ج ـ راستوێژیو شەفافییەت لەگەڵ خەڵك

حیزبی دێموكرات لەو ماوەیەدا هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ خەڵكی خۆی راستوێژ بێ، بۆیە له بڵاوكردنەوەی هەواڵی چەواشە، فریوكارانە، وادەو بەڵێنی بێبنەما، كه رەنگە بتوانێ بۆ ماوەیەك دڵخۆشیو رەزامەندیی خەڵك فەراهەم بكا، خۆی پاراستوە. ئەم

ڕەوشە بۆتە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات جێی متمانەی خەڵك بمێنێتەوەو، ڕاگەیەندنەکانی وەك سەرچاوەی ڕاستییەکان چاوی لێ بکرێو، تەنانەت زۆرجار دوژمنانیش بە سرنجو گرنگیی تایبەتەوە ڕوانیویانەتە ڕاگەیەندنەکانی حیزب.

### د ـ هێزی گەل پشتیوانی لەبڕان نەهاتووی حیزبی دێموکرات

وێڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ماوەی تەمەنی ٦٣ ساڵەی خۆیدا، بێوچان هەوڵی داوە لە ناوخۆی ئێرانو لە دەرەوە، دۆستو لایەنگر بۆ خۆیو جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا زیاتر بکاو لەو پێناوەدا بەشێك لە ئیمکاناتی خۆی سەرف بکا، بەڵام هیچکات لە بیری نەچۆتەوە کە بەهێزترینو جێی متمانەترین پشتیوانی بزووتنەوەو حیزبەکەمان، نەتەوەی کورد بەگشتیو گەلی کورد لە ئێراندا بەتایبەتییە. باوەڕ بە خەڵك بۆتە هۆی ئەوە کە بۆچوونەکانیان بە گرنگ وەربگیرێ، ڕێز بۆ باوەڕو ئایینیان دابنرێ، حیزب نەبێتە دیاردەیەکی باڵاتر لە خەڵكو ئامانج، بەڵکوو حیزب وەك کەرەسەیەك چاو لێ بکا کە لە خزمەت ئامانجەکانی گەل دایە.

### ه ـ دیالۆگی ئاشتیخوازانە ڕێگاچارەی ناکۆکییەکان

حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕە پێداگر بووە کە باشترین ڕێگای چارەسەری ناکۆکییەکان، وتووێژی ئاشتیخوازانە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی لایەنەکانە. هەرچەند بە داخەوە زۆر جار دوژمن لەو سیاسەتەی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی زەربەوەشاندن کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام بەو حاڵەش حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆی سوورەو، ئەو ڕووداوە تاڵانەی کە لەو پێوەندییەدا هاتوونەتە ئاراوەو ئەو زەرەرانەی کە حیزب لەو پێوەندییەدا کردوویەتی، شتێك لە ئەسڵی ئەو مەسەلەیە ناگۆڕێ، بەڵکوو لەو هەنگاوانە ئەزموونی وەرگرتوە بۆ پێداچوونەوەو کەم کردنەوەی خاڵە لاوازەکانی.

### و ـ بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت کردنی سەردەمیانە

یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی سیاسەتو کردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ بیرو هزرە سەردەمیانەکانو پێڕەوکردنو بەرچاوگرتنی دەسکەوتە بەرزە مرۆڤانییەکان بووە. زۆرجار حیزبی دێموکرات بۆ ئەو شێوازە سیاسەتو کردەوەگەلە چ لە نێوخۆی حیزبو چ لە لایەنی دەرەکییەوە کەوتۆتە بەر توانجو پلار، بۆ وێنە لە هێنانەبەرباسو ئەندێشەی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە لایەن ڕێبەری مەزنمان، دوکتور قاسملووی نەمرەوە باسێکی زۆری لە نێوخۆو دەرەوەی حیزبدا هێنایە پێش، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان ڕاستیو دروستیی سیاسەتی حیزبی دێموکراتیان دەرخست. یان دەتوانین ئاماژە بە شێوازی دروستی خەباتی حیزبی دێموکرات لە هەموو کاتەکاندا بکەین کە قەت پەنای بۆ تیرۆرو مرۆڤ ڕفاندنو بارمتەگرتن نەبردوەو مێژوو سەلماندوویەتی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی قازی، قاسملووو شەرەفکەندی، حیزبێکی سەردەمیانەیە کە سیاسەتو بۆچوونەکانی مرۆڤتەوەرانەیە.

کۆنگرەی چواردە، کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات، وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر درێژەدانی ئەم پرەنسیپانەی کە ئاماژەمان پێکردن، بە پێویستی دەزانێ کە لە سەر ئەم بنەمایانەش پێ داگرێتەوەو بیکاتە چرای ڕێگای خەباتی داهاتووی حیزبە تێکۆشەرەکەمان لە ساڵانی دوای کۆنگرە.

## ئینزبات‌و قانوونمەندی

حیزبی دێموکرات حیزبێکی جیددیو بەرپرسەو، دۆستو دوژمنانیش هەر بەو چاوە لێی دەڕوانن. لە خۆڕا نیە کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە، دەکەونە ژێر زەختی کۆماری ئیسلامیو بە سزای قورس مەحکووم دەکرێن. بۆیە ئەو حیزبە هەمیشە لە مەترسیی هەڕەشەو هێرشو پیلانگەلی جۆراوجۆری ڕێژیمدا بووەو دەبێ. ئەگەر ڕەوتی خەبات لە ئێراندا بەرەو گەشەکردنەو هیوا بە سەرکەوتنی دواڕۆژ بۆ خەڵك زۆر بەهێزە، لە هەمان کاتدا پێویستە حیزبی دێموکرات لە چاوەڕوانیی ڕۆژانی سەختو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکاندا بێو، تا ئەو کاتەی سەرکەوتنی یەکجاری دەست نەکەوتووەو بەربەرەکانی بەردەوامە، هیچ کات ئەم حاڵەتانە پشت گوێ نەخاو بەردەوام لە ئامادەییدا بێ.

بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم ئامادەییە پێك بێنێو بیپارێزێ، لە پێش هەموو شتێکەوە دەبێ حیزبێکی بەهێز لەباری بیروبڕوا، قایمو یەکگرتوو لە مەیدانی کردەوەدا، قانوونمەندو بە دیسیپلین لە بەڕێوەبردنی قانوونو بڕیارەکاندا بێ. ئێمە کاتێك دەتوانین لە بەرامبەر ڕەشەبای ڕووداوەکاندا بە سەربەرزی بمێنینەوە کە خاوەنی ڕێبەرایەتییەکی یەکگرتووو فیداکار، بەدەنەیەکی ئاگاو ئەرکشناس بین. هەرچەند ئەو تایبەتمەندییانە لە رابردووشدا لە سەرتاپای حیزبی دێموکراتدا بووە، بەڵام لەم سەردەمەدا، پێویستییەکەی زیاتر هەست پێ دەکرێ، چونکە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا زیاتر لە رابردوویەو، ئامادەیی بۆ قۆزتنەوەی هەرچی باشتری بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی گەل، بە هێزی بە نەزمو قانوونمەند دێتە دی. دەبێ جێگەو پێگەی حیزبی دێموکرات لە کوردستانو ئێران بە دروستی بناسینو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئەو پێگەیە بەهێزتر بکەین. ئەو ڕاستییە دەبێ جارێکی دیکە دووپات بکەینەوە، حیزبێك کە ڕیزەکانی لە کەسانی بێباوەڕ، لەرزۆکو دوودڵ پێك هاتبێ، لە بەرامبەر ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکاندا ناتوانێ خۆ ڕاگرێ.

کۆنگرەی چواردە، "کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات"، لەسەر بڕوای قووڵ بە ئامانجو ویستەکان، یاسامەندیی ڕێکخراوەییو دیسیپلینی ئاگایانەی نێو هەموو ئەندامانی حیزب پێ دادەگرێتەوە.

## ئازادیی ڕادەربڕین

ئازادیی ڕادەربڕین کۆڵەکەی بنەڕەتیی دێموکراسییە. دێموکراسی بە بێ ئازادیی ڕادەربڕین شتێکی نەگونجاوو نامومکینە. ئازادیی ڕادەربڕین لە نێو حیزبدا بە بۆچوونی ئێمە بریتییە لەوەی کە هەر کەسێك لە هەر پلەیەکی تەشکیلاتیدا بێ، مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی خۆی لە هەموو کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا دەربڕێ، ڕەخنە بگرێ، پێشنیار بدا یان بە نووسراوە بیگەیەنێ بە بەرپرسو ئۆرگانەکانی سەرەوە. پێویستە ئۆرگان یان بەرپرسانی پێوەندیدارو هەموو هاوڕێیان، گوێ لە بۆچوونەکانی بگرنو بە حورمەتەوە وەڵامی بدەنەوە.

دەبێ کلتووری ئاوەزی گشتی، ڕاوێژکردنو ڕێزدانان بۆ ڕای جیاواز، زۆرتر لە ڕابردوو بکرێتە کولتووری زاڵ، بە چەشنێك کە جێگایەك بۆ خۆ سەپاندن، خۆ بەزلزانیو سەرەڕۆیی نەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا بڕیارەکانی حیزبی لە لایەن موخالیفو موافقانەوە وەك یەكو بە جیددی بەڕێوە بچێ. حیزبێکی دێموکرات بەو واتایە، حیزبێکی واقیعبینو خاوەن توانای ئاڵوگۆڕە، بڕیارەکانی لە حاڵەتی ڕاوەستاوو چەقبەستوو دێنە دەرێو بە پێی ڕاستییەکانی سەردەم دەگۆڕێن، هەرکات هەست کرا کە بڕیارێك هەڵەی تێدایە، یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی کارەکان ناکاو بە زەرەری حیزب تەواو دەبێ، پێویستە لە زووترین کاتدا بگۆڕدرێو ئەوەی مافی گۆڕینی

هەیە ئۆرگانە بڕیاردەرەکەو ئۆرگانی سەرەوەترە، بێجگە لەوە کەس یان کەسانێکی دیکەو ئۆرگانی دیکە مافی گۆڕینی هیچ بڕیارو یاسایەکیان نیە.

هەموو ئەو ئەرکانە لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی رادەربڕیندا، دەبێ بەڕێوە بچن. بۆ ئەوەی هیچ هۆیەك بۆ رەخنەگرتن بەدوور لە چوارچێوەی حیزب نەمێنێتەوە.

رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی گەشەکرنو بەجەماوەریترکردنی خەبات، وێڕای لەبەرچاوگرتنو بەڕێوەبردنی ئەم ئەسڵە گرینگە، ئەرکی سەرشانیەتی کە میکانیزمێك دیاری بکا کە یاساسەروەریو ئازادیی رادەربڕینی نێوخۆی حیزب، پێکەوە پێش بچنو لە سەرتاپای حیزبدا ئەو ئەسڵانە جێگرتووتر بن.

## حیزبی دێموکرات لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٣ ـ ١٤دا

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب یەکێك لە کۆنگرە گرینگەکانی حیزب بوو. لەڕاستیدا ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەی ئاڵوگۆڕ بوو، دروشمی حیزبی دێموکرات پاش چەند دەیە، لە "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" گۆڕدراو جێگای خۆی دا بە "دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا"، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان پەسند کرا، ژمارەیەکی زیاتر لە کادرە لاوەکان لە ریزی رێبەرایەتیی حیزبدا خۆیان دیتەوە، بەڵام بەدوای بەڕێوەچوونی ئاخربەشی کاری کۆنگرە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب بوو، بەهۆی ناڕەزایەتیی ئەندامانی کۆنگرە لە شێوەی بەڕێوەبردنو هەڵسوکەوتی ژمارەیەك لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی پێشوو و لە ئاکامدا، دەنگی متمانەیان پێنەدرا. ئەوانەی سالانێك لە نێو حیزبی دێموکراتدا بوونو ئیددیعای دێموکراسییان دەکرد، بەدوای دەنگ نەهێنانەوە لە کۆنگرەیەکی دێموکراتیکدا کە بۆخۆیان ئامادەیان کردبوو، بە پێچەوانەی هەموو بڕیارو پرنسیپەکانی حیزبی، دەستیان دایە کارشکێنیکردن دژی رێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرە، نەفی کردنەوە، هاندانی ئەندامانو کادرو پێشمەرگە بە لەژێرپێنانی دیسیپلینی حیزبی، هەوڵدان بۆ شکاندنی کەسایەتییەکانی ناو حیزب کە لەگەڵ ئەوان نەبوونو بە کورتی دژایەتی کردنێکی ئاشکرا لەگەڵ حیزب. ئەم وەزعییەتە نیگەرانییەکی قووڵی لە نێو سەرجەم ریزەکانی حیزبدا پێك هێناو تۆوی نیگەرانی بەرامبەر درێژەدانی خەباتی لە دڵی خەڵکدا چاندو دڵی کۆماری ئیسلامیی خۆش کرد.

باسو قسەی جیناحیی بێئاکام، سەرتاپای ئۆرگانەکانی حیزبی گرتەوەو زۆربەی تواناو کاتی حیزبی بە خۆیەوە خەریك کردو لەڕاستیدا حیزبی گەیاندە بونبەست. کۆبوونەوەو وتووێژی رێبەرایەتیی حیزب لەگەڵ ئەو جەماعەتە لەسەر ویستو داخوازەکانیان کە ویستو داخوازیی گرووهی بوونو لەگەڵ ئوسوولو پرنسیپەکانی حیزب نەدەهاتەوە، ببوو بە کارێکی بێئاکامی رۆژانەو تاقەت پڕووکێن. بەو حاڵەش رێبەرایەتیی حیزب بە هەست بە بەرپرسایەتیکردنو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی حیزب، ئامادە بوو بە لەخۆبردوویی چەندین مانگ ئەو دانیشتنانە درێژە بداو لە ئاکامدا لەگەڵ زۆربەی داخوازەکانی ئەوان موافقەت بکا، تەنانەت ئامادە بوو کۆنگرەی چواردەهەم پێش بخا بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی جارێکی دیکە لە کۆنگرەدا بەشدار بینو ئاکامی کاری کۆنگرە قبووڵ بکەینو ملی بۆ راکێشین، بەڵام ئەمجارە کە زانیانو بەهۆی هەست بە بەرپرسایەتی کردنی رێبەرایەتیی حیزب وتووێژەکان بەرەو بەئاکام گەیشتن دەچنو وەڵامی ئەرێنی بە زۆربەی داخوازەکانی ئەوان دەدرێتەوەو بەم شێوەیە پاساوێك بۆ کارشکێنییەکانیان نامێنێتەوە، چەندین خاڵیان وەك پێشمەرجی درێژەدانی دانیشتنەکان دیاری کردو بەم چەشنە ویستی نهێنیی ئەوان بۆ دابڕان لە حیزب بۆ هەموو لایەك روون بۆوە.

لە رەوتی ئەم وتووێژو باسو خواستەدا کە لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٣ تا کاتی جیابوونەوەیان لە حیزب نێزیك بە ٣٠ مانگی کێشا، بە سەدان کەسایەتی، حیزبە کوردییەکان، نوێنەری ئەندامان لە ناوخۆی وڵات، کادرو پێشمەرگە، ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانو... بە حزووری یان بە نامە تکایان کرد کە ئەو کێشانە کۆتایی پێ بێنن بۆ ئەوەی رووداوی ناخۆش لە حیزبدا نەیەتە پێش ـ هەرچەند ئەوان زۆرجار رایانگەیاند کە بە هیچ جۆر مەبەستیان جیابوونەوە لە حیزب نیە ـ بەڵام سەرەڕای ئەوەش، لە رێکەوتی ١٣٨٥/٩/١٥دا بە راگەیاندنێك حیزبیان بەجێهێشتو بەم چەشنە زنجیرەیەك کێشەو گرفتی دیکەیان بە شێوەیەکی دیکە بۆ حیزب پێکهێنا کە دوای تێپەڕکردنی نیزیك بە ٢ ساڵ ئێستاش درێژەیان هەیە.

دوای ئەوەی حیزبیان بەجێهێشت دیسان دڵسۆزانی حیزب لە هەموو لایەك، کەوتنە نێوانو هەوڵیان دا بۆ یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبو هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب داواکەی ئەوانی قبووڵ کرد، بەڵام بۆ بە ناکام کردنی ئەو هەوڵانەش، ئەو لایەنە پێشنیاری دانانی مەرجی نادێموکراتیکی هێنا ئاراوە کە بێجگە لە روونتربوونەوەی زیاتری ئامانجی ئەم تاقمە بۆ بەجێهێشنەکەیان، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ نەکەوتەوە.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەدوای ئەم کارەی ئەوان لە کۆبوونەوەیەکدا ئەم رووداوەی خستە بەر باسو لە ئاکامدا بەرپرسانە بڕیاری دا کە حیزبی دێموکرات هیچ دوژمنایەتی‌یەکی لەگەڵ ئەم جەماعەتە نیەو ئامادەی وتووێژو دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵیانە، تەنیا ئەوەندە کە ئەوان ئێستا کە بە ویستی خۆیان حیزبیان بەجێهێشتووەو رێگایەکی دیکەیان هەڵبژاردوە، ناوێك لەسەر خۆیان دابنێن کە غەیری ناوی حیزبی دێموکرات بێ بە شێوەیەك کە خەڵك بەدیتنی ناوەکان جیاوازیی نێوان حیزبو ئەوان هەست پێ بکەن، ئەو داخوازە داخوازێکی رەواو ئەساسنامەیی بوو، چونکە ئەوان لە کاتی رۆیشتیاندا ٦ ئەندام لە سەرجەم ٢٣ ئەندامی کومیتەی ناوەندیو کەمایەتی‌یەك لە بەدەنەی حیزبیان لەگەڵ بوو، بۆیە ئەم پێشنیارە خرایە بەرچاویانو داوایان لێکردن کە بە مەبەستی قازانجو بەرژەوەندیی جووڵانەوە لە کوردستانی ئێرانو دوورکەتنەوە لە هەر چەشنە ناکۆکی لە داهاتوودا، ئەم پێشنیارە دڵسۆزانەیە پەسند بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵدانە دڵسۆزانەیەش بێئاکام مایەوە.

وێڕای هەموو ئەمانەو پێداگریی ئەم گرووپە لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی خۆیان، کۆنگرەی چواردەیەم، دیاریکردنی چۆنیەتیی شێوەی رەفتار لەگەڵ ئەم گرووپە بە کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ دەسپێرێ بۆ ئەوەی، هەرکاتێك زەمینەی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەو جەماعەتە پێك هات، هەنگاوی پێویست هەڵگرێ.

لەگەڵ تەواوی ئەو گرفتانەدا، تەنیا ئاماژەمان بە بەشێك لەوان لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٣ ـ ١٤دا کرد، بەو حاڵەش حیزبی دێموکرات بە تێکۆشانی هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی دڵسۆز، توانی چەند دەسکەوتێکی بەرچاو بەدەست بێنێ.

ناردنی دەنگی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بۆ سەر ماهوارە، دامەزراندنی تلویزیۆنێکی ماهوارەیی لە بواری راگەیاندن، ئەندامەتیی حیزب لە رێکخراوەکانی UNPO، Geneva Callو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، چوونەسەری پلەی ئەندامەتیی حیزب لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست، بە ئەندامبوونی یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی ژنان لەو یەکیەتی‌یانەی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیستو بەشداریی نوێنەرانی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی گرنگی نێونەتەوەیی، رێکخستنی چەند حەرەکەتی ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستانو دامەزرانی رێکخراوی خوێندکاری لە ریزی ئەو دەسکەوتانەن کە حیزبەکەمان لەو ماوەیەدا بەدەستی هێناون.

مەسەلەیەکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە بەدوای رۆیشتنی ئەو تاقمە لە حیزب، بۆ ماوەیەك هەلومەرجێکی زۆر دژوارمان بۆ هاتە پێش. بەشێك لە ئیمکاناتی راگەیاندن بەهۆی وەزعی تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی حیزبدا نەمان، ژمارەیەك لە

هەڵسووڕێنەرانی کاروباری حیزبی لە ئۆرگانە جیاجیاکاندا لەگەڵ ئەو جەماعەتە کەوتن و پشتیان لە حیزب کرد، گوێزتنەوەی شوێنی پێشووی کارکردنمان و نیشتەجێبوون لە شوێنگەلی ناجۆرو نالەبار، سەرەڕای گێرەو کێشەی نەخوازراوی ڕۆژانە کە یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم کردەوە نابەجێیە بوو، هاوڕێیانمان بە کاری چەند بەرانبەرو ماندووبوونەناسانە شانیان دایە بەرو جێگا بەتاڵەکانیان پڕ کردەوەو بە ئیمکاناتێکی زۆر سەرەتایی کارەکانیان ڕاپەڕاند، بە چەشنێك کە کەموکووڕیو بەتاڵایی بە کارەکانەوە بەدی نەدەکرا.

کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لەو هەلومەرجە ناسکەدا پشتی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەیان گرتو، ڕێبەرایەتیش بە کارو هەڵسووڕانی بەرچاو بە بێ دوودڵیو بە هیوابەخشین بە بەدەنەی حیزب، فەزایەکی کەم وێنەیان لە کارو یەکدڵی پێك هێنا کە تەنیا لە حیزبی دێموکراتو لە ڕۆژانی سەختدا چاوەڕوان دەکرێ.

لە ماوەیەکی کورتدا ئەندامانو لایەنگرانی نهێنیو ئاشکرا لە حاڵەتی ئەم شۆکەی کە ئەم جەماعەتە پێکیانهێنابوو، هاتنە دەرو وێڕای بەداخبوون لەو ڕووداوە، لێبڕاوانە ڕێگای حیزبە خۆشەویستەکەیان گرتە بەرو وەك هەمیشە بە پشتیوانیی بێدریغیان، هیوایان بە ڕێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگەکان بەخشی.

لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی لە هەر جێگایەك سازماندەهی کرانەوەو ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی نیشتمانپەروەر روویان لە ریزی ئەندامەتیو پێشمەرگایەتیی حیزب کرد، بە چەشنێك کە نەك هەر جێگای بەتاڵی هاوڕێیانی پێشوو پڕ بۆوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرچاو، ئەندامانی حیزب روویان لە زیادبوون کرد. بە نیشانەی پێزانینو وەفاداری بۆ ئەو هەموو تێکۆشانو لەخۆبردوویی‌یەی کادر، پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی چواردەهەم، کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات، سوپاسو ڕێزی خۆی پێشکەش بە هەموو ئەو تێکۆشەرانە دەکا کە لەم برگە هەستیارەی مێژووی حیزبەکەیان ماندووبوونەناسانە بە کارو تێکۆشانی بێوچان، سەری حیزبەکەیان بەرز ڕاگرت. ئێستا دوای تێپەڕکردنی ئەم ماوەیە هەموومان حەقمانە شانازی بە حیزبەکەمان، ورەی بەرزی ئەندامانو کادرو پێشمەرگەکان بکەینو دڵنیا بین کە ئەم بڕوا قایمیو فیداکاری‌یە، دەتوانێ لە ڕۆژانی سەختتریشدا ڕزگاریدەری حیزبەکەمان بێ.

بەڕێزان!

پەسندکردنی "گەشەکردنو بە جەماوەریترکردنی خەبات" بۆ ناوی کۆنگرەکەمان، بڕیارێکی سەردەمیانەو پێویستی‌یەکی هەرە گرنگی خەباتی ئێستامانەو لە هەمان کاتدا قورسایی‌یەکی زیاتر دەخاتە سەر شانمان.

گەشەکردنی حیزب لە باری گەشەپێدانی ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، پێوەندی‌یەکانو باقیی بەشەکانی حیزب، هەروەها گەشەی هزرو زانیاریی یەك یەکی ئەندامانی حیزب، گەشەی ستراکتۆری حیزب لە باری وەگەڕخستنی خوێنی تازە لە شادەمارەکانی حیزبەکەمان بە رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ پەروەردەکردنی زیاتری لاوانو سپاردنی ئەرکی بەرپرسایەتیو بەڕێوەبردن لە ئاستی ڕێبەرایەتیو باقیی ئۆرگانەکانی حیزبی بە لاوانی پێگەیشتوو کە بە خۆشی‌یەوە لە ریزەکانی حیزبەکەماندا ژمارەیان زۆر بەرچاوەو گەشەکردنیانو هەڵدانیان لە تەنیشت کادرە بە ئەزموونەکانی حیزبی کە لە کورەی خەباتی چەندین ساڵەدا قاڵ بوونەتەوە، بەشێك لەو ئەرکە قورسەیە.

سەبارەت بە جەماوەری‌تر کردنی خەبات، دەبێ بڵێین هەرچەند حیزبی دێموکرات هەمیشە حیزبێکی جەماوەری بووە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان وا دەخوازن کە خەباتەکەمان لەوەش زیاتر بە جەماوەری بکەین. پێوەندی‌یەکانمان لە ڕێگای ڕێکخستنو ڕاگەیاندنەوە لەگەڵ خەڵك زیاتر پەرە پێ بدەین، سیاسەتو بەرنامەکانی حیزب کە سیاسەتی ئەمڕۆییو پێشکەوتوون، هەڵسووڕتر لە پێشوو بەرینە

نێو کۆمەڵانی خەڵك. دەبێ هەرچی زیاتر خەبات لە نێو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا، قووڵتر کەینەوەو خەڵکی زۆرتر بە هەر شێوەیەکی گونجاو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەو ئازادیو یەکسانیخوازانەدا بەشدار بکرێن، تا هەم سەرکەوتنی خەبات مسۆگەرتر بکرێو هەم لە سەرکەوتندا هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا بەشدارینو بە هەموان داهاتوو دیاری بکرێ. حیزبی ئێمە پوتانسیەلی ئەوەی هەیەو دەتوانێ ئەم ئەرکە قورسو چارەنووسسازانە وەئەستۆ بگرێو بە سەربەرزییەوە بیانگەیەنێتە ئامانج. بۆ بە جەماوەریترکردنی خەبات، پێویستمان بە ورەو ئیمانی بەرز، سنگ فراوانی، نرخدانان بۆ بیرو باوەڕی خەڵكو لێبوردەیی هەیە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە لە هەموو شێوەکارێکی دێموکراتیكو پێشکەوتووانە کەڵك وەربگرین تا سیستمی داهاتوو بە مانای دروستی وشە دێموکراتیكو خەڵکی بێ.

- سەرکەوێ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبەکەمان، کۆنگرەی گەشەکردنو بەجەماوەریترکردنی خەبات
- سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریو دێموکراسی، لە سەروویانەوە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی
- سڵاو لە گەلی وشیارو قارەمانی کورد، پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- سڵاو لە زیندانیانی سیاسی، بەتایبەت زیندانیانی سیاسیی کوردستان کە هێمای ورەو وشیاری نەتەوەکەمانن
- سڵاو لە ژنان، خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان، کرێکاران، لاوانو هەموو ئەو چینو توێژانەی کوردستان کە بۆ دابینبوونی مافە ڕەواکانیان خەبات دەکەن
- سڵاو لە حیزبی دێموکرات، ئاڵاهەڵگری خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان
- پتەوتر بێ هاوخەباتیی نەتەوەکانی ئێران لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیییەکانیان
- نەمان بۆ ڕژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران